
# دکتۆر موراد وەهبە



# چوارینەکەی دیموکراسی

**سامان عەلی** کردوویە بە کوردی
٢٠٢٤

## پێڕست

لاپەڕە | بابەت


- پێشەکی ٤
- **بەشی یەکەم:** چوارینەکەی دیموکراسی ١٠
- عەلمانییەت ١٠
- بیردۆزی گرێبەستی کۆمەڵایەتی ١٦
- ڕۆشنگەریی ٢٢
- لیبراڵیزم ٢٨
- **بەشی دووەم:** "چوارینەکەی دیموکراسی"مان بە چ دەردێک برد؟ ٣٣
- عەلمانییەتمان تیرۆر کرد ٣٣
- بیردۆزی گرێبەستی کۆمەڵایەتیمان قەدەغە کرد ٣٨
- ڕۆشنگەریمان زیندەبەچاڵ کرد ٤٣
- لیبراڵیزممان ڕیشەکێش کرد ٤٨
- **بەشی سێیەم:** شارستانییەک لە نێوان دوو چوارینەدا ٥٤
- پاش چوارینەکەی دیموکراسی ٥٩

## پێشەکی

لە ڕێکەوتی ڕۆژی هەژدەی مانگی ئابی ساڵی۲۰۰۹، سەرۆک **حوسنی موبارەک** بە بێژەری بەناوبانگ **چارلی ڕوز** لە کەناڵی **بی. بی. سی**ی **ئەمەریکی** گوت: "کارگێڕیی سەرۆک **بوش**، لەو شێوازەیدا ڕاست نەبوو لە بڵاوکردنەوەی **دیموکراسی** لە ناوچەکەدا گرتییە بەر، چونکە **میسر** گوشاری هیچ کارگێڕییەک قەبوڵ ناکات، لەگەڵ ڕێزماندا بۆ هەموو حکومەتەکان". پێموایە ئەو دەربڕینەی سەرۆک، بە کورتی گوزارشت لە کێشەی **دیموکراسی** دەکات. ئەگەر کێشەکەش هەر دژبەرییەکی تێدا هەبێت، کەواتە ئەو دژبەرییە چییە لە **دیموکراسی**دا هەیە؟

ئێمە لای خۆمانەوە بەم پرسیارە وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە دەدەینەوە:

ئایا ئەو دژبەرییە لە چەمکی **دیموکراسی**دایە یاخود لە کاروانی **دیموکراسی**دایە؟

زاراوەی **دیموکراسی** لە سەدەی پێنجی پێش زایین لەنێو کتێبی **مێژووی شەڕە پلیپۆنیزییەکان**ی مێژوونووسی یۆنانی **توسیدیس** (٤٦٠-٤٠٠پ. ز) پەیدا بوو، کاتێک ناوبراو لەو شوێنەدا هێمای بۆ گوتەکەی **پریکلیس**ی دەوڵەتمەداری خەڵکی **ئەسینا** کرد کە دەڵێت: "**ئەسینا** نموونەی **دیموکراسی**یە، چونکە دەستوورەکەمان لاساییەکی یاساکانی دەوڵەتانی هاوسێ نییە، بەڵکو

سەرمەشقێکە بۆ خەڵکی تر. کارگێڕییەکەشمان، لایەنگریی زۆرینە دەکات نەک کەمینە، یاساکانیشمان دەستەبەری دادپەروەرییە بۆ هەمووان لە کێشمەکێشە تایبەتەکانیاندا، ڕای گشتیش لای ئێمە، پێشوازیی لە بەهرەمەندیی دەکات لە هەموو لقێک لە لقەکانی دەستکەوتدا و بە چاوی ڕێزیشەوە لێی دەڕوانێت، هەڵبەتە نەک لەبەر بڕێک هۆکاری تایفەگەرانە، بەڵکو تەنها و تەنها لەسەر بناغەی تایبەتمەندیی".

ئەوەی لە گوتەکەی **پریکلیس** ڕوونە، ئەوەیە هیچ یەک لە **ئەسینایییەکان** لاریی لەو واتایەی **دیموکراسی** نەبوو، بەڵام لەدواییدا **دیموکراسی**یەکەی **ئەسینا** بە ئاراستەیەکی جیاواز لەو ئاراستەیەدا ڕۆیشت کە **پریکلیس** پێشبینی دەکرد، چونکە لە ساڵی ٤٣١ی پ. ز، واتە بەر لە مەرگی **پریکلیس** بە ماوەی دوو ساڵ، شەڕی **پلیپۆنیزی** لە نێوان **ئەسینا** و **سپارتە**دا بەرپا بوو و بە پەیماننامەیەکی کاتی لە ساڵی٤٢١ی پ. ز کۆتایی هات، دواتر لە ساڵی١١٢دا شەڕەکە دەست پێ کرایەوە و **ئەسینا** و تەنانەت **یۆنان**یش وێران بوون و، **یۆنان** لە ساڵی٤٠٤دا داگیر کرا.

دوابەدوای شکستی **ئەسینا، پلاتۆ** (٤٢٧- ٣٤٧ پ. ز) پێی وا بوو **دیموکراسی** هۆکاری شکستەکە بوو، بەم پێیە داوای کرد **دیموکراسی** دوور بخرێتەوە و دەسەڵاتی ڕەها وەک جێگرەوەیەک بخرێتە شوێنی، دەسەڵاتی ڕەها، دەسەڵاتی خودایە، هاوشێوەی ئەو

دەسەڵاتەش لەسەر زەوی، دەسەڵاتی فەیلەسووفە، بەم پێیە، لە ڕوانگەی **پلاتۆ**دا، بە تەنها فەیلەسووف، دەتوانێت ببێتە سەرۆک کۆمار.

بەرمەبنای ئەوە **پلاتۆ** داوای پێویستیی داڕشتنی مرۆڤی لە یەک قاڵبدا کردووە، بە شێوەیەک سەبارەت بە یەک شت و لە یەک کاتدا شادیی بگێڕن و خەم بخۆن، بەو هۆیەشەوە یەکێتیی شار بەدی دێت. لێرەشەوە **پلاتۆ** ناوی **خواوەندیی** لە شار دەنێت.

لەپاش **پلاتۆ**، بەکارهێنانی وشەی **دیموکراسی**، بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ ڕاوەستا و سیاسەتناسان بە لێکۆڵینەوە لە ڕژێمی پادشایی و ڕژێمی ئەریستۆکراتییەوە سەرقاڵ بوون، ئەگەر ناوی **دیموکراسی**شیان بهێنایە، تەنها وەک ڕژێمێکی فەرمانڕەوایی ناویان دەهێنا.

لێرەدا پێویستە ئەم پرسیارە ببزوێنین: بۆچی وشەی **دیموکراسی** بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ لەبەر چاوان نەما؟

ئێمە بەم دوو پرسیارە وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە دەدەینەوە: ئایا بە هۆی داواکەی **پلاتۆ**وە بوو، کە داوای کرد فەرمانڕەوایی خودا بکرێتە جێگرەوەی فەرمانڕەوایی گەل؟ یان بە هۆی ئەوەی شەڕ و شۆڕ پێچەوانەی **دیموکراسی**یە؟

پێموایە دەتوانین لای **ئۆگەستین** (٣٥٤- ٤٣٠ ز)، لە سەدەی چوارەمی زاییندا، وەڵامی ئەو دوو پرسیارەمان

دەست بکەوێت، چونکە پێش هەر شتێک **ئۆگەستین پلاتۆنیزمخوازە**، لەو بارەیەشەوە باسی ئەوە دەکرێت ئەوە **پلاتۆنیزم** بوو ئەوی بەرەو **کریستیانیزم** برد. باشترین بەڵگەش بۆ ڕاستیی ئەو بۆچوونە ئەوەیە **ئۆگەستین** لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامەی لە **فەلسەفەی پلاتۆنیزم** دەستی خست، لە **کریستیانیزم** تێگەیشت. پاشان لەبەر ڕۆشناییی ئەو پەیوەندییەی نێوان **پلاتۆنیزم** و **کریستیانیزم** کتێبە مێژووییەکەی خۆی، واتە: **"شاری خودا"**ی ئامادە کرد، ناوبراو لەو کتێبەدا پێی وایە دوو شار هەن: شاری زەوی و شاری ئاسمان یاخود شاری خودا، لە نێوان ئەو دوو شارەشدا، شەڕێکی گەورە هەیە، شاری یەکەم کار بۆ سەرخستنی ستەم دەکات و شاری دووەم لەپێناو سەرخستنی دادپەروەرییدا کار دەکات، هەروەها دوو شارەکە لە ژیانی ئێستادا یەک دەگرنەوە، بەڵام پێشەنگیی بۆ شاری خودایە، بەم پێیە لای **ئۆگەستین** دەسەڵاتی دەوڵەت پایەنزمترە لە دەسەڵاتی کڵێسا، لێرەشەوە پێویستە دەوڵەت ملکەچی کڵێسا بکرێت، بەو هۆیەشەوە شاری خودایی لای **پلاتۆ** بە شاری خودا لای **ئۆگەستین** کۆتایی دێت. ئەو شارەش دیسان داکۆکی لە دادپەروەریی دەکات تەنانەت ئەگەر ئەو داکۆکیکردنە ببێتە مایەی هەڵگیرسانی شەڕ، **ئۆگەستین**یش شەڕ لەم دۆخەدا بە شەڕێکی دادپەروەرانە ناوزەد دەکات. لە شاری خوداشەوە دەچینە

سەدەکانی ناوەڕاستەوە کە مافی خواوەندانەی فەرمانڕەوا بەرقەرارە.
لەسەر بناغەی ئەو ڕێچکەیە، دەتوانرێت بگوترێت نائامادەیی وشەی **دیموکراسی،** بۆ ئەم دوو هۆیە دەگەڕێتەوە: ئەو بانگەشەیەی **پلاتۆ** بانگەشە بۆ فەرمانڕەوایی خودا دەکات و ئەو بانگەشەیەی **ئۆگەستین** بانگەشە بۆ شەڕی دادپەروەرانە دەکات بە هۆکاری ملکەچبوونی دەوڵەت بۆ فەرمانڕەوایی خودا، ئەوەش مانای ئەوەیە فەرمانڕەوایی خودا پێچەوانەی **دیموکراسی**یە.
لەپاش ئەوە، پرسیارەکە ئەمەیە:
مەبەست لە فەرمانڕەوایی خودا چییە؟
ئایا مەبەست ئەوەیە ئەوە خودایە فەرمانڕەوایی دەکات نەک مرۆڤ، ئەگەر ئەوە بەو جۆرە بێت، ئایا ئەوە بەو واتایە نایەت خودا بە گۆڕانی مرۆڤەکان دەگۆڕێت، ئەوەش دژبەرییەکی ناڕەوایە بە هۆکاری ئەوەی خودا چەسپاوە و ناگۆڕێت؟
کەواتە پرسیارەکە ئەمەیە:
چی ڕوو دەدات ئەگەر ئەو دژبەرییە ناڕەوایە نەهێڵرێت؟
ئایا **دیموکراسی** سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە؟ چۆن چۆنی دەگەڕێتەوە؟
من لەژێر سەردێڕی: **چوارینەکەی دیموکراسی**دا، وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەمەوە.

## بەشی یەکەم
## چوارینەکەی دیموکراسی

### عەلمانییەت

ئەم چوارینەیە پێکهێنەرە بنەڕەتییەکەی **عەلمانییەت**ـە و کۆتا پێکهێنەریشی **لیبراڵیزم**ـە، **گرێبەستی کۆمەڵایەتی** و **ڕۆشنگەریی** لە نێوانیاندایە، هەر پێکهێنەرێک لەو چوار پێکهێنەرەش، واتا و چیرۆکی خۆی هەیە، سەرەتا بە **عەلمانییەت** دەست پێ دەکەم و دەپرسم:

**عەلمانییەت** چییە؟

لای عەرەب شڵەژان و شپرزەییەک لە واتای بە دروستی خوێندنەوەی وشەی **عەلمانییەت** دروست بووە، ئەوەی وشەکە بە **عەلمانییەت** دەخوێنێتەوە، دەیەوێ بنچینەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ جیهان، ئەوەش بە **عیلمانییەت** دەیخوێنێتەوە، دەیەوێ بنچینەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ زانست. لە چاپی سێیەمی **معجم الوسیط**ی بڵاوکراوەی **کۆڕی زمانی عەرەبی** (ساڵی١٩٨٥) دا هاتووە: وشەی **عەلمانییەت** دەگەڕێتەوە بۆ وشەی **عەلمانی** کە مەبەست لە **عالەم** یاخود جیهانە کە ناکۆکیی ئایینیی و کەشیشایەتییە، بەم پێیە خوێندنەوەی وشەکە بە **عیلمانی**، هەڵەیەکی باوی

ناو دەستەی ڕۆشنبیرانە، گرنگیی و گوێ بە دروستیی گۆکردن یاخود دەربڕینی وشە نادەن.
بەڵام مەبەست لە **عەلمانییەت** لە خۆرئاوا، جیهانی کاتنشینە بە کات، واتە جیهانێکە مێژوویەکی هەیە، لەو ڕوانگەیەشەوە **عەلمانییەت** بە جیهانی کاتی و ڕێژەیی، واتە ئازاد لە ڕشتە و قاڵبە ڕەهاکان، دەگوترێت.
ئەوە سەبارەت بە واتای زمانیی **عەلمانییەت**، ئەی سەبارەت بە چیرۆکی **عەلمانییەت** چی؟
سەرەتای چیرۆکەکەی بۆ سەدەی شەشی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، کاتێک **فیساگۆرس**ی فەیلەسووفی **یۆنان**، بیردۆزی خوولانەوەی زەوی جاڕدا و هۆشداریی دا بە قوتابییەکانی نەکەن ئەو بیردۆزە ئاشکرا بکەن. لەو هۆشدارییەشدا کە دای بە قوتابییەکانی، ناهەقی نەبوو، چونکە هەر لەگەڵ قوتابییەکانی پشتیان کردە ئەو هۆشدارییە و بیردۆزەکەیان درکاند، خەڵک ئەو ماڵەیان سووتاند **فیساگۆرس** تیایدا لەگەڵ قوتابییەکانیدا کۆ دەبووەوە، دەگوترێت لەو ئاگر تێبەردانەدا، **فیساگۆرس** هیچ زیانێکی بەر نەکەوت، چونکە ڕۆژی ئاگر کەوتنەوەکە، لە ماڵەوە نەبوو.
لە سەدەی پێنجی بەر لە زایینیشدا، واتای **عەلمانییەت** لای **پرۆتاگۆراس**ی فەیلەسووفی **یۆنان** گەشەی سەند، چونکە دەڵێت: "مرۆڤ پێوەری هەموو شتەکانە"، لەو بۆچوونەی ناوبراویش ئەو ئەنجامە گرنگە بە دەست هات مرۆڤ ناتوانێت پەی بە ڕاستیی ڕەها ببات، یاخود

ڕاستتر بڵێین ناتوانێت هیچ ڕاستییەک بزانێت، ئیتر بەو هۆیەوە **پرۆتاگۆراس** بە خوانەناس تاوانبار کرا و بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا درا و کتێبەکانی سووتێنران، بەڵام خۆی هەڵهات و لە کاتی هەڵهاتنیشیدا لە ئاودا خنکا.

لە سەدەی شانزەدا، واتە لەپاش بیست سەدە لە دەرکردنی بڕیاری لەسێدارەدان بەسەر **پرۆتاگۆراس**دا، گەردوونناسی پۆڵەندی **نیکۆلا کۆپەرنیکۆس** ئەم کتێبە بەناوبانگەی خۆی بڵاو کردەوە: **سەبارەت بە خوولانەوەی خولگەکان**، تیایدا خوولانەوەی زەوی و بەم پێیە ئەوەی سەلماند کە زەوی چەقی گەردوون نییە. **کۆپەرنیکۆس**- کە ڕازی ئەو کتێبەی لای خۆی پاراستبوو و سی و شەش ساڵ خەریکی نووسینی بوو- پێی وا بوو هەندێک کەس داوای لەسێدارەدانی خۆی و بۆچوونەکانیشی دەکەن، بەڵام هۆشیار بوو و دەیزانی نابێت ئەقڵ و هۆشی ملکەچ و سەرشۆڕی ئەقڵی گجە و هەرچی و پەرچییەکان ببێت. لە ڕێکەوتی ڕۆژی ٢٤ی مانگی ئایاری ساڵی١٥٤٣، تیراژێکی چاپکراو لە کتێبەکەی خۆی بە دەست گەیشت کاتێک لەسەر جێ کەوتبوو و گیانی دەدا. لە ڕێکەوتی ڕۆژی ٥ی مانگی ئاداری ساڵی١٦١٦، **دادگای پشکنین لە ڕۆما**، بڕیاریدا بە تۆمەتی خوانەناسی کتێبەکەی قەدەغە بکات.

لەدواییدا **گالیلیۆ** هات و لایەنگریی خۆی بۆ بیردۆزەکەی **کۆپەرنیکۆس** ڕاگەیاند. لە ساڵی ١٦٣٢یشدا ئەم کتێبە بەناوبانگەی خۆی بڵاو کردەوە: **گفتوگۆ سەبارەت بەگرنگترین دوو ڕشتە لە جیهاندا،** تیایدا ڕشتەکەی **پەتلیمۆس** و بیرۆکە سەرەکییەکەی وی بە درۆ دەخاتەوە و بەرپەرچ دەداتەوە کە دەڵێت زەوی چەقی گەردوونە و ئەوە خولگەکانن بە دەوری ئەودا دەخوولێنەوە، پاشان بانگەشە بۆ ڕشتەکەی **کۆپەرنیکۆس** دەکات، بەو هۆیەشەوە ئەو کتێبە قەدەغە کرا و **گالیلیۆ** بانگی **ڕۆما** کرا بۆ ئامادەبوون لەبەردەم دیوانی پشکنین بەمەبەستی دادگایی کردنی، **گالیلیۆ**ش نکوڵی کرد و لەسەر چۆک سوێندی خوارد و پاشان واژۆی لەسەر ڕشتەی نکوڵیکردن و سوێندخواردنەکە کرد، دەگوترێت لەپاش واژۆکردنەکە پێی کێشا بە زەویدا و لەبەرخۆیەوە و بە چرپە گوتی: "سەرەڕای ئەوە هەر دەخولێتەوە".

لەدوای **گالیلیۆ**، فەیلەسووفی ئیتاڵی **جیۆردانۆ برۆنۆ** هات.

**برۆنۆ** بڕوای بە ڕێژەمەندیی شوێن و جووڵە و کات هەبوو، بەو هۆیەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی ئاسانە بتوانێت داکۆکی لەو بیردۆزەی **کۆپەرنیکۆس** بکات کە دەڵێت زەوی بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە، بەم پێیە زەوی چی تر چەقی گەردوون نەما، ئیتر لەلایەن دەسەڵاتی ئایینییەوە سزای سووتاندن درا.

کەواتە پرسیارەکە ئەمەیە:
بۆچی بیردۆزی **خوولانەوەی زەوی** لای **کۆپەرنیکۆس**، بە سەرەتای **عەلمانییەت** لە سەدەی شانزەدا، یاخود وردتر بڵێین لە ساڵی١٥٤٣دا، واتە ئەو ساڵەی کتێبەکەی **کۆپەرنیکۆس** چاپ و بڵاو کرایەوە، دادەنرێت؟
چونکە ئەو بیردۆزە دەڵێت زەوی چی تر بە چەقی گەردوون نەما، کاتێکیش زەوی چەقی گەردوون نابێت، مرۆڤیش بە هەمان شێوە چەقی گەردوون نابێت، کاتێک مرۆڤیش چەقی گەردوون نابێت، ناتوانێ دەستدار یاخود خاوەنی ڕاستیی ڕەها بێت. بەم پێیە، مرۆڤ بەندە بە ڕێژەمەندییەوە، تەنانەت ئەگەر دۆزینەوەی ڕەهاش بکات بە ئامانجێک بۆ خۆی، ناتوانێ ڕەها بدۆزێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ دەست لە وەژارەی دۆزینەوەی ڕاستی هەڵناگرێت. هەر بۆیە من **عەلمانییەت** بەوە پێناسە دەکەم و دەڵێم: "بیرکردنەوەیە لە ڕێژەیی وەک ڕێژەیی نەک وەک ڕەها".
لەو پێناسەیەوە ئەم سێ ئەنجامە بە دەست دێن:
ئەنجامی یەکەم: ئەوەی پشتگیری لە بیردۆزی خوولانەوەی زەوی دەکات، بێ چەند و چوون کەسێکی **عەلمانی**یە، ئەوەیش **عەلمانییەت** ڕەتدەداتەوە، بێ چەند و چوون بیردۆزی خوولانەوەی زەوی دەداتە دواوە.

ئەنجامی دووەم: ئەو بۆچوونەی دەڵێت **عەلمانییەت** جیاکردنەوەی ئایینە لە دەوڵەت، بۆچوونێکە پێویستی بە ڕاستکردنەوەیە، چونکە ئەو جیاکردنەوەیە واتای ئەو **عەلمانییەت**ـەیە کە لەو جیاکردنەوەیەدا سۆنگەیە، واتە کاتێک شێوازی بیرکردنەوەت شێوازێکی **عەلمانی**یە، دەتوانیت بە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت قایل بیت، پێچەوانەی ئەوە ڕاست نییە.

لێرەوە دەتوانرێ بگوترێ **عەلمانییەت** شێوازێکە لە بیرکردنەوە بەر لەوەی شێوازێک بێت لە **سیاسەت**.

## **بیردۆزی گرێبەستی کۆمەڵایەتی**

ئەگەر سەرهەڵدانی **عەلمانییەت** لە سەدەی شانزەدا دەگەڕێتەوە بۆ بیردۆزی خوولانەوەی زەویی گەردووناسی پۆڵەندی **کۆپەرنیکۆس**، سەرهەڵدانی بیردۆزی گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە سەدەی حەڤدەدا، دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی **ڕەزامەندیی**ی فەیلەسووفی ئینگلیز **جۆن لوک**. ئەگەر **عەلمانییەت** یەکەم پێکهێنەر و پێکهێنەری سەرەکیی **دیموکراسی**یە، بیردۆزی گرێبەستی کۆمەڵایەتی پێکهێنەری دووەمە.

لەپاش ئەوە پرسیارەکە بەم جۆرەیە:

ئەو پەیوەندییە چییە بیردۆزی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و ڕەزامەندیی پێکەوە کۆ دەکاتەوە؟

**جۆن لوک**، لە کتێبی **دوو نامە سەبارەت بە میریی**دا، ئەو پرسیارەی بزواندووە.

لە نامەی یەکەمدا، بیرۆکە سەرەکییەکە باسی پایەماڵکردنی بنەمای مافی خواوەندیی پادشا دەکات،

واتە پادشا بۆی نییە بانگەشەی ئەوە بکات ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی لە دەسەڵاتی خوداوە وەرگیراوە، چونکە لە دەسەڵاتی گەلەوە وەرگیراوە. لە نامەی دووەمدا بیرۆکە سەرەکییەکە سەبارەت بە بنچینەی کۆمەڵ یاخود جڤاکە، چونکە جڤاک لە سەرەتای بوونی مرۆڤدا بوونی نەبوو، بەڵکو ئەو شتەی هەبوو ئەوەیە **جۆن لوک** بە **دۆخی سروشتی** ناودێر دەکات، لەو دۆخە سروشتییەدا هەر مرۆڤە و بۆ خۆی یاسای خۆی بوو، هەر بۆیە هیچ ئاشتییەک لە گۆڕێدا نەبوو، لەبەر ئەوەی مرۆڤە لاوازەکان کەسیان نەبوو لە دەست مرۆڤە بەهێزەکان بیانپارێزێت، هەروەها مرۆڤە بەهێزەکان خۆشیان لە تاو ڕکەبەرەکانیان لە دۆخی ترسێکی زۆردا دەژیان، دواجار ئەوە بووە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵ یاخود جڤاکێک بە هۆی **گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی**یەوە، بەگوێرەی ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییەش مرۆڤەکان **ڕەزامەندیی** دەردەبڕن دەست لە هەندێک لە مافەکانی خۆیان بۆ فەرمانڕەوایەک هەڵبگرن کە بە ویستی خۆیان دایدەنێن، لە بەرامبەر ئەوەدا ئەو فەرمانڕەوایەش ئارامی و ئاسایشیان بۆ دەستەبەر دەکات.

ئەوە وا دەخوازێ دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەسەڵاتێکی ڕێژەیی بێت نەک دەسەڵاتێکی ڕەها. بەم پێیە بیردۆزی گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەسەر بناغەی **عەلمانییەت** دامەزراوە بەگوێرەی ئەم پێناسەیە من بۆ **عەلمانییەت**ی

دەکەم: "بیرکردنەوەیە لە ڕێژەیی وەک ڕێژەیی نەک وەک ڕەها".
ئەو چەمکانەی لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی پەیدا دەبن، بەبێ چەند و چوون ژمارەیەک چەمکی ڕێژەیین. یەکەم چەمکیش چەمکی لێبووردەییە. **جۆن لوک "نامەیەک سەبارەت بە لێبووردەیی**"ی لە ساڵی ١٦٨٩دا نووسیوە و بڵاو کردووەتەوە، واتە بەر لە ساڵێک لە چاپ و بڵاو کردنەوەی کتێبی **دوو نامە سەبارەت بە میریی، نامەیەک سەبارەت بە لێبووردەیی** و **دوو نامە سەبارەت بە میریی**ش بەبێ ئاماژەکردن بۆ ناوی **جۆن لوک**ی نووسەریان چاپ و بڵاو کراونەتەوە، هۆی ئەو ناو نەهێنانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە **جۆن لوک** بە تۆمەتی بەشداریی لە پیلانگێڕییەکدا لە دژی پادشا تاوانبار کراوە، بەو هۆیەشەوە **ئینگلتەر**ای بەرەو **هۆڵەندا** بەجێ هێشتووە، پادشای ئەو کاتی **ئینگلتەرا؛ جەیمسی دوو**، پادشایەکی کاتۆلیکیی هێندە دەمارگیر بووە، بەو دەمارگیرییەی خۆیەوە ویستوویەتی لەگەڵ **فەڕەنسا** و **ڕۆما** هاوپەیمانێتی بکات. بە هۆی ئەو دەمارگیرییەوە، گەل لە دژی شۆڕش بەرپا دەکات و لە دەسەڵات لای دەبات، ئەو شۆڕشەش لە مێژوودا بە **شۆڕشی شکۆمەندی ئینگلیز** ناوزەد کراوە.
ئێستا پرسیارەکە ئەمەیە:
لێبووردەیی لای **جۆن لوک** یانی چی؟

له **نامەیەک سەبارەت بە لێبووردەیی**دا، چەندین دەستەواژە و دەربڕین هەن واتای لێبووردەیی ئاشکرا دەکەن، من لێرەدا، بەو جۆرەی لای خوارەوە، چوار لەو دەربڕینانە هەڵدەبژێرم:

"هیچ کەس بۆی نییە، بە ناوی ئایینەوە، پەلاماری مافە شارستانی و کاروبارە ئایینییەکان بدات". "هونەری فەرمانڕەواییکردن، نابێت لە دووتووێی خۆیدا هیچ زانینێک سەبارەت بە ئایینی ڕاستەقینە لەخۆ بگرێت". "ڕزگاربوونی ڕۆحەکان، شتێکە تەنها پەیوەندیی بە خوداوە هەیە". "خودا کەسی ڕانەسپاردووە بەسەر هیچ مرۆڤێکدا ئایینێکی دیاریکراو بسەپێنێت".

کەواتە پرسیارەکە ئەمەیە:

مەبەست لەو دەربڕین و دەستەواژانە چییە؟

لای **جۆن لوک**، واتە لێبووردەیی وا دەخوازێت دەوڵەت لەسەر هیچ ئایینێک نەبێت (دیندار نەبێت)، تەنانەت ئەگەر ئەو ئایینە، لەنێو ئایینەکانی تردا، ئایینی زۆرینەش بێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر پێچەوانەی ئەوە ڕوو بدات، واتە ئەگەر دەوڵەت لەسەر ئایینی زۆرینە بێت، ئەو کات ئەو زۆرینەیە بە هۆی سروشتی ئایینەوە کە ڕەهایە، زاڵ و باڵادەست دەبێت. زاڵێتی و باڵادەستییش لەو ڕووەوە کە دەرهاویشتەی ڕەهایە، بەبێ چەند و چوون ڕەهایە، ئەو کات لێبووردەیی، لەو ڕووەوە کە ڕێژەییە، لە بەین دەچێت و نامێنێت، لەبەر

ئەوەی دەرهاویشتەی گرێبەستی کۆمەڵایەتییە کە لەسەر بناغەی **عەلمانییەت** دامەزراوە. کەواتە پەیوەندییەکی گیانی بە گیانی یاخود ئۆرگانی لە نێوان لێبووردەیی و **عەلمانییەت**دا هەیە.

بەم پێیە پرسیارەکە ئەمەیە:

مەبەست لە ڕێژەمەندیی لە لێبووردەییدا چییە؟

وەڵامی **جۆن لوک** ئەوەیە ڕێژەمەندیی لە لێبووردەییدا واتە لێبووردەیی ناکرێ و ناشێ بێسنوور بێت. بە بڕوای **جۆن لوک**، فەرمانڕەوا پێویستە لەگەڵ ئەو بیر و بۆچوونانەدا لێبووردە نەبێ کە دژ بە کۆمەڵی مرۆڤایەتین، یاخود پێچەوانەی ئەو یاسا ئاکارییانەن کە بۆ پاراستنی کۆمەڵی شارستانی پێویستن، ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێت لێبووردەیی دژەکەی خۆی لەخۆ گرتووە کە لێنەبووردەییە.

من لە کۆڕبەندێکی هەرێمایەتی لە **کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی** لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی١٩٨١ لەژێر ناونیشانی **لێبووردەیی کولتووریی**دا سازم کرد، ئەو کێشەیەم خستە بەر باس و خواس، بە هۆی ئەو ناونیشانەشەوە، لە دامەزراوەی خۆرئاوا کە پشتیوانی سەرەکیی ئەو کۆڕبەندە بوو، ترسێک هەبوو، چونکە لێدوان لەسەر پرسی لێبووردەیی، پێویستی بە لێدوانە لەسەر پرسی دەمارگیریی، لەو کاتەشدا باس لەوە کرا ئەوە دەمارگیریی بوو سەرۆک **ئەنوەر سادات (١٩١٨-١٩٨١)**ی تیرۆر کرد و، هەڕەشەی ڕوودانی کودەتا

یاخود بەرپابوونی شۆڕشی لە دەوڵەتی **میسر** دەکرد.
منیش لە دەستپێکی دانیشتنەکەدا ئاماژەم بۆ ئەو ترسە کرد، یەکێک لەو شتانەی ئاماژەم پێ دا ئەوە بوو ئەم کۆڕبەندە چەندین دژوازیی بەرەو ڕوو دەبنەوە، یەکێک لەو دژوازییانە ئەوەیە لێبووردەیی بێسنوور لێبووردەیی پایەماڵ دەکات و داهێنان دەرهاویشتەی دەمارگیرییە بەو جۆرەی بەسەر داهێنانەکەی **کۆپەرنیکۆس**ی تایبەت بە بیردۆزی خوولانەوەی زەویدا هات، چونکە ئەو بیردۆزە لە سەردەمێکدا داهێنرا **دادگاکانی پشکنینی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا** فەرمانڕەوا بوون.
ئەو پرسیارەی لەدوای ئەوە بزوێنرا، ئەمە بوو:
ئایا دەتوانرێ ئەو دژوازییانە نەهێڵرێن؟
وەڵامی من ئەوە بوو ئەو پرسیارە گەڕانەوە بەرەو ڕەگ و ڕیشەکان دەخوازێ، بەڵام کام ڕەگ و ڕیشە؟ ڕەگ و ڕیشەکانی لێبووردەیی یان ڕەگ و ڕیشەکانی لێنەبووردەیی، یاخود وردتر بڵێین ڕەگ و ڕیشەکانی دەمارگیریی؟ چونکە ئەو شتەی ئەوسا و ئێستاش باڵادەستە، دەمارگیرییە.
هەروەها من پێم وایە گەڕان بە شوێن ڕەگ و ڕیشەکانی دەمارگیرییدا، ئەرکی بیردۆزی گرێبەستی کۆمەڵایەتی نەبوو، بەڵکو ئەرکی ڕۆشنگەریی بوو لە سەدەی هەژدەدا.

## **ڕۆشنگەریی**

ئەگەر دەسەڵاتی فەرمانڕەوا- لە بیردۆزی گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا لای **جۆن لوک**ی **فەیلەسووفی ئینگلیز**- دەسەڵاتێکی ڕێژەییە نەک دەسەڵاتێکی ڕەها، لەبەر ئەوەی ئەوە گەلە نەک خودا کە ئەوی کردووەتە فەرمانڕەوا، ئەو کات ئەو فەرمانڕەوایە بەبێ چەند و چوون فەرمانڕەوایەکی **عەلمانی**یە، چونکە لە چوارچێوەیەکی ڕێژەییدا بیر دەکاتەوە نەک لە چوارچێوەیەکی ڕەهادا. ئەگەر فەرمانڕەواش **عەلمانی** بێت، بەبێ چەند و چوون لێبووردەیە، چونکە لێبووردەیی جیاوازی دەخوازێ.

ئەی لە بارێکدا ئەگەر کەسی ناکۆک لەگەڵ فەرمانڕەوای **عەلمانی**دا کەسێکی دەمارگیر بوو، فەرمانڕەوا چی بکات؟

ئێمە بەم پرسیارە وەڵام دەدەینەوە: کەسی دەمارگیر کێیە؟
وەڵام: ئەو کەسەیە دەیەوێ ئایینی خۆی بەسەر ئایینی خەڵکی تردا سەر بخات، هەروەها ئەو کەسەیە هەر کات پێویست بکات پەنا دەباتە بەر توندوتیژیی بۆ لەناوبردنی ئایینی خەڵکی تر. هەر بۆیە سەبارەت بە کەسی دەمارگیر دەگوترێت کەسێکی **دۆگما** یاخود چەقبەستووە، کەسی چەقبەستووش کەسێکە بە خەیاڵی خۆی پێی وایە دەستداری ڕاستیی ڕەهایە (ڕاستیی ڕەهای لایە). مرۆی چەقبەستوو، ئەگەر لەسەر ئەو خەیاڵە خاوەی خۆی پێی زۆر لێ ڕابکێشێت، دەچێتە دۆخێک لە **متبوونی دۆگماییەوە**. زاراوەی چەقبەستوو لەلایەن **ئیمانوێل کانت**ی **فەیلەسووفی ئەڵمان**ـەوە داڕێژراوە کە لەبارەیەوە دەگوترێت شوێنی ئەو لەسەر لوتکەی ڕۆشنگەریی ئەورووپییە لە سەدەی هەژدەدا.
کەواتە پرسیارەکە ئەمەیە:
ڕۆشنگەریی چییە؟
وەڵامی باوی ئەو پرسیارە، وەڵامی **ئیمانوێل کانت**ـە لەم وتارە بەناوبانگەیدا: **لە وەڵامی پرسیاری: ڕۆشنگەریی چییە؟**، وەڵامەکەشی ئەوەیە ڕۆشنگەریی بەکارهێنانی ئەقڵە بەبێ یارمەتیی خەڵکی تر، بەم پێیە دەتوانرێ بگوترێ ئەقڵ تاقانە سەرداری خۆیەتی. ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێ هەر یەکێک لە ئێمە دوو ئەقڵی هەن:

ئەقڵێک بیر دەکاتەوە، پاشان ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر خۆی، ئیتر دەبێتە ئەقڵێکی تر بیر لەو شتە دەکاتەوە کە بیری لێ دەکاتەوە. ئەو ئەقڵەی دووەمیش ئەقڵی ڕەخنەییە.

ئێستا پرسیارەکە ئەمەیە:

ئەرکی هەر یەک لە دوو ئەقڵەکە چییە؟

وەڵامی **کانت** ئەوەیە ئەقڵی یەکەم ئەرکی ئەوەیە بە شوێن وەڵام بۆ ئەو پرسانەدا بگەڕێت کە لە توانایدا نییە وەڵامیان بداتەوە. ئەو پرسیارانەش سەبارەت بە ڕەهان، چ ئەو ڕەهایە خودا بێت یاخود دەوڵەت. نەتوانینی وەڵامدانەوەشیان، مانای ئەوە دەگەیەنێ ڕەها ئەستەمە بگیرێت. لێرەوە **کانت** ئەم دوو دۆخە لە یەکدی جیا دەکاتەوە: دۆخی گەڕان بە شوێن ڕەهادا کە دۆخێکی ڕەوایە، دۆخی گرتنی ڕەها کە دۆخێکی ناڕەوایە، چونکە هەر لەگەڵ ئەقڵ وا خەیاڵ دەکات ڕەهای گرتووە، دەسبەجێ تووشی چەقبەستوویی دەبێت. ئەو شتەش کە ناهێڵێ تووشی ئەو خەیاڵ و وەڕازەیە ببێت، ئەقڵی دووەمە کە ئەقڵە ڕەخنەییەکەیە، یاخود ڕاستتر بدوێین، ئەو ئەقڵە **عەلمانی**یە کە تەنها بیر لە ڕێژەیی دەکاتەوە نەک ڕەها. ئەو پێناسەیەی ئەقڵی دووەم، بە مانای ڕەتنەدانەوەی ڕەها دێت، بەڵام هەروەها مانای ئەوەش دەگەیەنێ ئەو ڕەهایە ئەستەمە بگیرێت، بەم پێیە ڕێگا بەوە نادات تووشی چەقبەستن ببێت.

پرسیاری دوای ئەوە، ئەمەیە:
چی ڕوو دەدات ئەگەر مرۆڤایەتی تووشی چەقبەستن ببێت؟
بە دەربڕین و داڕشتنێکی تر:
چی ڕوو دەدات ئەگەر هەر جڤاکێک ڕەهایەکی دیاریکراو بگرێت؟
ئەو کات دەبین بە خاوەنی چەند ڕەهایەک. بەڵام ڕەها شیانی فرەبوونی نییە، چونکە بە سروشتی خۆی تاکە، ڕەهاکان ئەگەر فرە ببن، لەگەڵ یەکتردا دەچنە ململانێ و تەنانەت شەڕ و ئاشوبەوە، چونکە پێکەوەهەڵکردنی ڕەهاکان ئەستەمە. ئەگەر بشێت پەنا بۆ زاراوەکانی **داروین**ی خاوەنی **بیردۆزی گەشەسەندن** ببەین، دەتوانرێ بگوترێ ڕەها فرەکان لەگەڵ یەکتردا لەپێناو بووندا دەچنە ململانێوە و لە کۆتاییدا ئەوەیان دەمێنێتەوە کە باش یاخود لەبارە، بەڵام من لێرە سەبارەت بە پرسی مانەوە بۆ باشتر پارێزم هەیە و دەڵێم مانەوە بۆ باشتر نییە، چونکە لە نێوان ڕەهاکاندا ڕەهایەک نییە باشتر بێت. هەر ئەوەشە ئەو شتەی من بە **تاوانێکی کوشتنی لاهوتییانە**ی ناودێر دەکەم.
هەر بۆیە دەتوانرێت ڕۆشنگەریی دامەزراو لەسەر بناغەی **عەلمانییەت** بە مەزنترین شۆڕش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تەماشا بکرێت، مرۆڤەکان لەسەر چۆنێتیی ڕیشەکێشکردنی ئەو تاوانە لاهوتییە ڕادەهێنێت. بەڵام ئەو پەروەردەیە شتێکی هەر وا ئاسان نییە. چونکە **کانت**

ویستی لەم کتێبە تراژیدییەیدا: **ئایین لە سنووری ئەقڵی پەتییدا** کۆتایی بە ململانێی نێوان ڕەهاکان بهێنێت، پێی وایە فرەیی ئایینەکان تەنها لە ڕووی شێوەوەیە بە هۆی فرەیی سروت و دەستەواژە دەرەکییەکانەوە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ئایین یەکە، چونکە لەسەر بناغەی ئاکار دادەمەزرێت نەک لەسەر هیچ شتێکی تر. کانت دەڵێت: "هەرچی شتێک کە مرۆڤ پێی وایە دەتوانێ بە هۆیەوە ڕەزامەندیی خودا بە دەست بهێنێت- تەنها گرتنەبەری ڕێچکەیەکی ئاکاریی باش و پەسەند نەبێت لە ماوەی ژیانیدا- لەڕاستییدا تەنها وڕێنەیەکی ئایینیی پەتییە، یاخود تەنها درۆزنەپەرستنێکی خودایە". بەم پێیە پێویستە دەقە ئایینییەکان بەشێوەیەکی هێمایی لێکبدرێنەوە، پاشان مۆرکی ڕەهاییان لێ دابماڵین بەبێ ئەوەی ڕەها بدەینە دواوە، چونکە لەم دۆخەدا ڕەها دەبێت بە دۆخێکی ئەقڵی هیچ پەیوەندییەکی بە ڕێکخستنی جڤاکەوە نابێت، لەبەر ئەوەی ڕێکخستنی جڤاک بەندە بە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییەوە کە تەنها ڕەزامەندییەکی مرۆیی بەندە یاساوە.

ئەوە پوختەی ئەو بۆچوونەیە لە کتێبی **ئایین لە سنووری ئەقڵی پەتیی**دا هاتووە. لە سەروەختی دەرچوونی کتێبەکە لە ساڵی١٧٩٣، **کانت** لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیرییەوە نووسراوێکی سەرزەنشتکردنی بە ناوی پادشاوە بە دەست گەیشت، تیایدا هاتبوو ئەوەی کردوویەتی سووکایەتییکردنە بە باوەڕی ئایینیی،

سووکایەتیکردنیش قبوڵ نییە، پێویستە دەست لەو کارە هەڵبگرێت، ئەگەر ملکەچی ئەو داوایەش نەبێت، ئاقیبەتی باش نابێت. **کانت**یش نووسراوێکی پۆزشی بۆ پادشا نارد، تیایدا هاتبوو هەڵوێستی فەلسەفیی ئەو بە چاوی ڕێزەوە لە **کریستیانیزم** دەڕوانێت، بەڵێنیشی دا وەک "شوێنکەوتەیەکی ئێجگار دڵسۆزی خاوەنشکۆ" سەبارەت بە بابەتی ئایین نەنووسێت، مەبەستی **کانت** لەو دەربڕینە ئەوە بوو بەڵێنەکەی کاتیی و بەندە بە ژیانی پادشاوە. لەڕاستییشدا هەر وا بوو، لەدوای کۆچی دوایی کردنی پادشا لە ساڵی١٧٩٧، **کانت** سەرلەنوێ گەڕایەوە بۆ نووسین لەسەر پرسە ئایینییەکان.

لەدوای ئەوە، پرسیارەکە بەم جۆرەیە:

ئایا ئایین پرسێکی سیاسییە؟

یاخود بە دەربڕینێکی تر:

ئایا داکۆکیکردن لە ڕەهایەکی دیاریکراو، پێویستییەکە لە پێویستییەکانی فەرمانڕەوا، ئایا ڕۆشنگەرییش- لەو ڕووەوە کە پێکهێنەری سێیەمی **دیموکراسی**یە- پێچەوانەی ئەوەیە؟

## **ليبراڵیزم**

ليبراڵيزم وشەيەكی عەرەبێنراوە، وشەی عەرەبێنراويش وشەيەكە بە ڕەنگێكی عەرەبی ڕەنگ كراوە كاتێک لە زمانە بيانييەكەيەوە گواستراوەتەوە بۆ زمانی عەرەبی. وشە بيانييەكەش ئەمەيە: **Liberalism** كە لە وشەی لاتينيی **Liberalis** واتە **مرۆڤی ئازاد**ەوە وەرگيراوە ياخود داڕێژراوە.

لەپاش ئەوە ئەم دوو پرسيارە دێنە پێشەوە:

زاراوەی **ليبراڵيزم** كەی پەيدا بوو؟

مەبەست لێی چییە؟

سەبارەت بە پرسياری يەكەم، بەوە وەڵامدەدەينەوە دەڵێين سێ بۆچوون لەبارەی پەيدابوونی **ليبراڵيزم**ـەوە هەن. بەپێی بۆچوونی يەكەم ساڵی١٨١٢ سەرەتای بەكارهێنانی ئەو زاراوەيەيە بەمەبەستی دياريكردنی شوناسی پارتێكی سياسيی **ئيسپانی**.

بەپێی بۆچوونی دووەم **لیبراڵیزم** هاودەمی سەرهەڵدانی سەرمایەدارییە، لەبەر ئەوەی وەک دەگوترێ سەرمایەداریی ڕێگای بەدیهێنانی ئامانجی **لیبراڵیزم**ـە کە ئازادیی تاکەکەسە.
سێیەم بۆچوون ئەوەیە دەگوترێ لە ژانی شەڕ و ئاشوبی ئایینەکان لە هەردوو سەدەی شانزە و حەڤدە لە **ئەوروپا**، **لیبراڵیزم** لە دایک بوو، چونکە لێبووردەیی ڕێگای پێشگرتنە لە شەڕ و ئاشوبەکان، هاوکات ڕێگایەکە بەرەو **لیبراڵیزم**یش لەو ڕووەوە کە لێبووردەیی پێویستی بە ئازادییە.
ئەوە سەبارەت بە پرسیاری یەکەم، ئەی سەبارەت بە پرسیاری دووەم چی؟
**لیبراڵیزم** ئەم سێ پێناسەیەی هەن:
پێناسەی یەکەم **لیبراڵیزم** لە پاراستنی موڵکایەتیی تایبەتدا قەتیس دەکات، لەو ڕووەشەوە کە موڵکایەتیی تایبەت پێکهێنەری سەرەکیی سەرمایەدارییە، کەواتە پەیوەندیی نێوان **لیبراڵیزم** و سەرمایەداریی پەیوەندییەکی ئۆرگانییە، بەم پێیە هەر کەس موڵکایەتیی تایبەت بداتە دواوە و بانگەشە بۆ موڵکایەتیی گشتی بکات، لە دژی **لیبراڵیزم** دەچێتە سەنگەری **مارکس**ـەوە.
پێناسەی دووەم **لیبراڵیزم** لە توانای تاکەکەس سەبارەت بەوەی خۆی ئامانجەکانی خۆی دیاری بکات کورت دەکاتەوە.

پێناسەی سێیەم دەڵێت **لیبراڵیزم** واتە دەسەڵاتی تاک لە سەروو دەسەڵاتی جڤاکەوەیە.
منیش بەش بە حاڵی خۆم پێناسەی سێیەمم لە هەردوو پێناسەی یەکەم و دووەم لا پەسەندترە، چونکە بە وردی باسی پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵ دەکات، لەبەر ئەوەی بەگوێرەی پێناسەی یەکەم موڵکایەتیی تایبەت موڵکایەتیی تاکە نەک موڵکایەتیی کۆمەڵ. لە پێناسەی دووەمیشدا تایبەتمەندبوونی تاک لە دیاریکردنی ئامانجەکانی خۆیدا، تاک لە کۆمەڵ سەربەخۆ دەکات. ئەوەش مانای وایە پێناسەی سێیەم پەسەندترینە، چونکە لە دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵدا بێ پێچ و پەنایە.
پێم وایە ئەوە فەیلەسووفی ئینگلیز **جۆن ستیوارت میل**ـە لەنێو کتێبە بەناوبانگەکەیدا: **سەبارەت بە ئازادیی**، بە لێکۆڵینەوە لە پێناسەی سێیەم سەرقاڵ بوو، هەر بۆیە سەبارەت بە ناوبراو دەگوترێت تیۆریسێنی **لیبراڵیزم**ـە لە سەدەی نۆزدەدا.
کەواتە ئێستا پرسیارەکە ئەمەیە: مەبەست لە ئازادی، لای ئەو فەیلەسووفە، چییە؟
ئازادیی لای **میل**، سەرەتا لە دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان فەرمانڕەوایان و فەرمانبەرداراندایە، بە پلەی دووەم لە دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵدایە. سەبارەت بە پەیوەندیی یەکەم، فەرمانبەرداران سەرقاڵن بە داکۆکیکردن لە خۆیان لە

ڕێگای سنووردارکردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانەوە، پارتە سیاسییەکانیش بەشداریی لەم دەسەڵات سنووردارکردنەدا دەکەن، بەڵام لەگەڵ بەردەوامبوونی ململانێکە بەو ئاراستەیەدا کە ئەوە فەرمانبەردارانن فەرمانڕەوایان هەڵدەبژێرن تا ڕۆڵی کارایان لە دروستکردنی چوونیەکییەک لە نێوان بەرژەوەندییەکانی فەرمانبەرداران و بەرژەوەندییەکانی گەلدا هەبێت.
بەڵام دیاردەیەکی نوێ هەیە لەنێو فەرمانبەرداراندا سەریهەڵداوە، ئەویش ئەوەیە دەستەیەک لە گەل بانگەشەی زۆرینەیی دەکەن و دەستیانکردووەتە چەوساندنەوەی کەمایەتییەکە، ئەوەش وای لەو زۆرایەتییە کردووە شوڵی لێ هەڵبکێشێت و دەست بداتە ستەم، **جۆن ستیوارت میل** ئەوەی بە **ستەمی زۆرینە** ناوزەد کردووە. بە تێپەڕبوونی کات ئەو ستەمە لە بواری سیاسییەوە چووەتە بواری کۆمەڵایەتی، پاشان زاراوەی **زاڵێتیی ڕای گشتی** داڕێژراوە، مەبەست لەوەش بانگەشەکردنە بۆ ئەوەی کۆمەڵ مافی خۆیەتی داوا لە هەموو ئەندامانی خۆی بکات مل بۆ ڕای گشتی بدەن. **جۆن ستیوارت میل** تەنها کاتێک بە زاڵێتیی ڕای گشتی ڕازی دەبێت، ئەگەر بە لەبارنەبردنی ئازادیی هزر و ئازادیی دەربڕینەوە بەند بێت، ئەگەر ڕای گشتی ئەو ئازادییەی زیندەبەچاڵ کرد، مانای وایە ئەو ڕایەی ڕای گشتی دەریدەبڕێت ڕاستییەکی ڕەهایە. کەواتە

پێویستە نەکەوینە داوی ڕاستیی ڕەهاوە تا خۆمان لە زیندەبەچاڵکردنی ئازادیی بپارێزین.
کەواتە ئێستا پرسیارەکە ئەمەیە: چۆن چۆنی ئەو پێویستییە بەدی بهێنین؟
وەڵامی **میل** ئەوەیە پێویستە دەوڵەت و کۆمەڵ بڕوایان بەوە هەبێت ڕای پێچەوانە یاخود بەرهەڵستی ڕای گشتی دەشێت ڕایەکی دروست و بەجێ بێت. بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم پێموایە دەبوو **جۆن ستیوارت میل** لە چەمکی ڕاستیی ڕەها قووڵتر ببێتەوە و زیاتر بکۆڵێتەوە کە واتای **وەژارەی** دەستداریی یاخود خاوەنداریی ڕاستیی ڕەها دەگەیەنێت. **ئیمانوێل کانت** فەلسەفەکەی خۆی بۆ ڕەواندنەوەی ئەو وەژارەیە لەپێناو بناغەدانانی ڕۆشنگەرییدا تەرخان کردبوو، بەڵام ئەو بناغەدانانە بەبێ بیردۆزی گرێبەستی کۆمەڵایەتی لای **جۆن لوک** شیانی نەبوو، بیردۆزی گرێبەستی کۆمەڵایەتیش بەبێ **عەلمانییەت** لای **کۆپەرنیکۆس** شیانی نەبوو.
لەگەڵ تەواوکردنی قووڵبوونەوە و لێکۆڵینەوەی قووڵتر لە چەمکی ڕاستیی ڕەها لای **جۆن ستیوارت میل**، دەتوانرێ **لیبراڵیزم**ـەکەی **میل** سەرباری سێیانەی **عەلمانییەت** و **گرێبەستی کۆمەڵایەتی** و **ڕۆشنگەریی** بکرێت، بەو هۆیەشەوە ئەو کات **چوارینەکەی دیموکراسی**مان لەلا گەڵاڵە دەبێت.

## بەشی دووەم
## "چوارینەکەی دیموکراسی"مان بە چ دەردێک برد؟

### عەلمانییەتمان تیرۆر کرد

ئەگەر **چوارینەکەی دیموکراسی** بریتییە لە **عەلمانییەت** و **بیردۆزی گرێبەستی کۆمەڵایەتی** و **ڕۆشنگەریی** و **لیبراڵیزم**، ئەگەر ئەو پێکهاتانەش چوار سەدەیان خایاند تا دامەزراندنی دیموکراسی لە خۆرئاوا، ئەی ئاخۆ ئێمە لە **میسر** بە چ دەردێکمان برد؟

ئێمە بە پێکهێنەری یەکەم و پێکهێنەرە سەرەکییەکە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە کە **عەلمانییەت**ـە و سەبارەت بەو شتانەی لەبارەیەوە گوتراون و هەروەها لەبارەی ئەنجامەکانی ئەو گوتنانەوە پرسیار دەکەین.

یەکەم شت ئەوەیە کە لەبارەیەوە دەگوترێت دژی ئایینە، هەر بۆیە مرۆڤ بەرەو بێباوەڕیی پاڵ دەنێت.

دووەم شت ئەوەیە لەبارەیەوە دەگوترێت دیاردەیەکی تایبەتە بە خۆرئاوا و لەگەڵ **میراتی ئایینیی میسر**دا کۆک نایەتەوە، بەم پێیە نابێت هاوردە بکرێت.
کەواتە پرسیارەکە ئەمەیە:
ئەو دوو شتەی لەبارەیەوە دەگوترێن، تا چ ڕادەیەک ڕاستن؟
وەڵامی ئەو پرسیارە لای **عەلمانییە میسرییەکان**ـە، لەنێو ئەو **عەلمانی**یانەشدا، من ئەم سێ کەسایەتییەیان هەڵدەبژێرم: **فەڕەح ئەنتوان، فەرەج فۆدە، نەجیب مەحفوز**.
لە سەرەتادا بە **فەڕەح ئەنتوان** دەست پێ دەکەم و دەپرسم:
چی بەسەر هات؟
ساڵی١٩٠٣ کتێبێکی بە ناونیشانی **ئیبن ڕوشد و فەلسەفەکەی** چاپ و بڵاو کردەوە، فەلسەفەکەی **ئیبن ڕوشد**ی کردە پێودان یاخود دەستپێکێک بۆ بانگەشەکردن بۆ دامەزراندنی ئەقڵێکی **عەلمانی** ئایین و دەوڵەت لە یەکدی جیا بکاتەوە. لەپاش بڵاکردنەوەی ئەو کتێبەی گۆڤاری **المنار** کە **شێخ ڕەشید ڕەزا** خاوەنی بوو، ڕایگەیاند گۆڤاری **الجامعة** کە **فەڕەح ئەنتوان** سەرنووسەرێتی، ئەو کات کتێبەکەی **فەڕەح ئەنتوان**ی بە زنجیرە بڵاو دەکردەوە، سووکایەتی بە باوەڕ و بنەماکانی ئیسلام کردووە، هەروەها سووکایەتی بە پێشەوایانی موسوڵمانان کردووە. کاتێک **ڕەشید ڕەزا**

کۆچی دوایی کرد، **شێخ حەسەن بەننا**ی دامەزرێنەری جووڵانەوەی **ئیخوان موسلیمین** لێپراسراوێتیی گۆڤاری **المنار**ی لە ئەستۆ گرت. لەو ڕۆژەشەوە **عەلمانییەت** بووە بە دوژمنی باوەکوشتەی ئەو جووڵانەوەیە.
کاتێکیش دامەزراوەی گشتیی کتێبی میسر **الهيئة المصرية العامة للكتاب** زنجیرەیەک کتێبی ڕۆشنگەری بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پەڕگیریی چاپ و بڵاو کردەوە، کتێبەکەی **فەڕەح ئەنتوان**ی بڵاو کردەوە پاش ئەوەی ئەو پێشەکییەی لێ لابرد کە تیایدا **فەڕەح ئەنتوان** داوای جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت دەکات، هەروەها ئەو گفتوگۆیەشی لێ لابرد کە لە نێوان ئەو و **شێخ محەمەد عەبدە** کرا بوو!
لە ڕۆژی ٨ی مانگی حوزەیرانی ساڵی١٩٩٢، **فەرەج فۆدە**ی **عەلمانی** تیرۆر کرا، نەخوێندەوارێکی فێندەمێنتاڵ بە پشتبەستن بە فەتوایەکی ئایینیی تیرۆری کرد. ئەو تیرۆرکردنەشی شایەد و سەلمێنەری دروستیی بۆچوونەکەی **فەرەج فۆدە** بوو کە دەیگوت ئەقڵی میسریی لە تەنگژەدایە، تەنگژەکەشی ئەوەیە لە کار کەوتووە و تەنها بە ڕەهایی بیر دەکاتەوە.
دەمێنێتەوە **نەجیب مەحفوز.. مەحفوز** لە چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا و بەتایبەتی لە ڕۆمانی **کوڕێژگەکانی گەڕەکەکەمان**دا کە بە **خەڵاتی نۆبێڵ**ی گەیاند، بانگەشە و داوای **عەلمانییەت**ی دەکرد. بەڵام داوا و بانگەشەکەی ئاشکرا و ڕاشکاو نەبوو، بەڵکو بە

هەندێک هێما و سیمبوڵ ڕووپۆش کرا بوو. بۆ نموونە یەکێک لە پاڵەوانانی ڕۆمانەکەی پیاوێکی دۆزراوە یاخود هەڵگیراوەیە ناوی **عەرەفە**یە، خەریکی جادووە، جادووش لای ئەو بڕێک دەرمانە لە هەندێک کەرەستەی نامۆ دروستکراوە تا بە هۆیەوە خەڵک لە دەرد و نەخۆشی چارەسەر بکات و چاک بکاتەوە. ناوی **عەرەفە**ش لە **مەعریفە** واتە زانین وەرگیراوە و زانینیش ئاماژەیە بۆ زانست. لێرەدا ئەم دوو پرسیارە دێنە پێشەوە:

پرسیاری یەکەم: چ شتێک پاڵی **نەجیب مەحفوز**ی نا، زانست بە هەڵگیراوە یاخود دۆزراوە ناوزەد بکات؟

لایەنی زۆر پێدەچێ بیەوێ بڵێ زانست لەلایەن خوداوە لە ئاسمانەوە دانەبەزێنراوە و دوور و نزیک پەیوەندیی نییە بە ئایینەکانەوە.

پرسیاری دووەم: چ شتێک پاڵی **نەجیب مەحفوز**ی نا، زانست بە جادوو ناوزەد بکات؟

هەروەها لایەنی زۆر پێدەچێ دەیەوێ بڵێ زانست لە سەرەتادا نامۆ بە خەڵک و ناڕۆشن بوو، سەیر ئەوەیە **عەرەفە** زانست و جادووەکەی خۆی لە نامیلکەیەدا تۆمار دەکرد. کاتێکیش کە **عەرەفە** کۆچی دوایی کرد، کەس نەیزانی نامیلکەکەی چی بەسەر هات.

لەدوای ئەوە پرسیارەکە بەم جۆرەیە:

ئایا خاوەنی ئەو فەتوایەی فەتوای دا پێویستە **نەجیب مەحفوز** بکوژرێت، ئەو نامیلکەیەی دۆزییەوە و لە ڕۆژی ١٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٤ گەنجێکی نەخوێندەواری فێندەمێنتاڵی ڕاسپارد **مەحفوز** بکوژێت، بەڵام کوشتنەکە سەری نەگرت؟

بەرمەبنای ئەوە دەتوانرێت بگوترێت **عەلمانییەت** لە **میسر** لە دۆخی تیرۆردایە، یان لە ڕووی واتاییەوە وەک لە دۆخی **فەرەح ئەنتوان**دا، یان لە دۆخی جەستەییدا وەک لە دۆخی **فەرەج فۆدە** و **نەجیب مەحفوز**دا. هۆکاری ئەوەش بۆ جووڵانەوەی **ئیخوان موسلیمین** دەگەڕێتەوە.

## بیردۆزی گرێبەستی کۆمەڵایەتیمان قەدەغە کرد

بیردۆزی **گرێبەستی کۆمەڵایەتی** لە **ئەوروپا** لە سەدەی حەڤدەدا بە یاریدەی هەوڵەکانی دوو فەیلەسووفی **ئینگلیز** تەشەنەیان سەند یەکێکیان **تۆماس هۆبز** و ئەویتریان **جۆن لوک** بوو، بەڵام لە نێوان ئەو دوو فەیلەسووفەدا هەندێک چوونیەکی و جیاوازی هەن. چوونیەکییەکەیان لە دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان فەرمانڕەوا و گەلدایە، ئەو پەیوەندییەش لەسەر بناغەی دەستهەڵگرتنی هەر تاکێک لە تاکەکانی کۆمەڵ لە هەندێک لە مافەکانی بۆ دەسەڵاتێکی گشتی لەپێناو بەرقەرارکردنی ئاسایش و ئارامیدا دامەزراوە. هەرچی جیاوازییشیانە بەرمەبنای ئەوەیە دەسەڵاتی گشتی لای **هۆبز**، دەسەڵاتێکی ڕەهایە و بەم پێیە ئەرکی سەر شانی تاکەکەس گوێڕایەڵیی ڕەهایە، پاشان **هۆبز** جارێکی تر بەرەو مافی خواوەندیی فەرمانڕەوا دەمانگەڕێنێتەوە. بەڵام **لوک** دژ بە دەسەڵاتی خواوەندانەی فەرمانڕەوایە، چونکە بە بڕوای ئەو کۆمەڵ دروستکراوی مرۆڤە نەک خودا. بەرامبەرە میسرییەکەی **جۆن لوک**، **شێخ عەلی عەبدولڕازقە** کە لە ساڵی ١٩٢٥ کتێبی **ئیسلام و بنەماکانی فەرمانڕەوایی** تراژیدیی بڵاو کردەوە و بە

هۆیەوە ناوبانگی ڕۆیشت. لەو کتێبەدا باسی ئەوە کراوە سەبارەت بە پرسی خەلافەت لە ئیسلامدا دوو ڕێچکە هەن، ڕێچکەی یەکەم دەڵێت **خەلیفە** دەسەڵاتی خۆی لەسەر خاکی خۆی لە خوداوە وەردەگرێت، هەر بۆیە ئەوە خودا خۆیەتی **خەلیفە** هەڵدەبژێرێت. ئەو ڕێچکەیە لای موسوڵمانان بەربڵاو و باو بووە. هەرچی ڕێچکەی دووەمە دەڵێت **خەلیفە** دەسەڵاتی خۆی لە گەلەوە وەردەگرێت، چونکە گەل سەرچاوەی هێزی ئەوە.

پاشان، لە سەروبەندی لێدوان سەبارەت بەو دوو ڕێچکەیە، دەڵێت: ئەو چەشنە جیاوازییە لە نێوان موسوڵماناندا سەبارەت بە سەرچاوەی دەسەڵاتی خەلیفە، لە نێوان **ئەوروپییەکان**دا سەریهەڵداوە و کاریگەرییەکی ڕاستەقینەی لەسەر گەشەسەندنی مێژووی **ئەوروپا** هەبوو. ڕێچکەی یەکەم تا ڕادەیەک هاوشێوەی ئەو بۆچوونەیە **تۆماس هۆبز**ی فەیلەسووف پێی ناسراوە و دەڵێت دەسەڵاتی پادشاکان پیرۆزە و مافێکی ئاسمانییان هەیە. سەبارەت بە ڕێچکەی دووەم، تا ڕادەیەک وەک ئەو ڕێچکەیە وایە **جۆن لوک**ی فەیلەسووفی پێ ناسراوە. شایانی باسە لەو بۆچوونەدا **عەلی عەبدولڕازق** سەرنج بەرەو ئەوە ڕادەکێشێت کە لە نێوان شارستانیی ئیسلامی و شارستانیی خۆرئاوادا، وێکچوونێک لە ڕووی لێکۆڵینەوە لە پرسی دەسەڵاتی ڕەها هەیە. هەروەها شایانی باسە **عەلی عەبدولڕازق**

**جۆن لوک**ی لا پەسەندتر بووە وەک لە **تۆماس هۆبز**، چونکە **هۆبز** لایەنگری مافی خواوەندیی فەرمانڕەوایە یاخود لایەنگری خەلافەتە بەگوێرەی دەربڕینە ئیسلامییەکە. بەڵام **لوک** لە بەرهەڵست و نەیارانی مافی خواوەندییە یاخود لە لایەنگرانی ڕەتدانەوەی خەلافەتە.
لەپاش ئەوە پرسیارەکە ئەمەیە:
**شێخ عەلی عەبدولڕازق** چی بەسەر هات؟
چەندین نووسراو بۆ شێخانی **زانکۆی ئەزهەر** بەرز کرانەوە، واژۆی ژمارەیەکی زۆر لە زانایانیان لەسەر بوو، بە بیانووی ئەوەی کتێبەکەی **عەلی عەبدولڕازق** هەندێک شتی پێچەوانەی ئایینی تێدا هەن. یەکێک لە گرنگترین ئەو شتانە، ئەوەیە نووسەرەکەی دەڵێت حکومەتەکەی **ئەبو بەکر** و **خەلیفەکانی ڕاشیدین** کە لەپاش وی هاتن خودایان لێ ڕازی بێت، حکومەتی نائایینیی بوون.
لە ڕۆژی ١٢ی مانگی ئابی ساڵی١٩٢٥، **شێخی ئەزهەر** بە کۆدەنگیی بیست و چوار زانا لە دەستەی گەورە زانایان، بڕیاریاندا **شێخ عەلی عەبدولڕازق** لە دەستەی زانایان بکەنە دەرەوە و هەروەها لەسەر کارەکەی دەر بکەن و ناشیاوێتی بۆ ڕاپەڕاندنی هەر ئەرکێکی گشتیی چ ئایینیی بێت یاخود نائایینیی ڕابگەیەنن.
لە ڕۆژی ٢٠ی مانگی ئابی ساڵی١٩٢٥، ڕابەری گەل **سەعد زەغلول**، پشتیوانی لە بڕیارەکەی دەستەی گەورە

زانایان کرد گوتی: "نووسینی ڕۆژهەڵاتناسان و بێجگە لە ڕۆژهەڵاتناسانم خوێندووەتەوە، نووسینی کەسیانم نەبینیوە وەک نووسینی **شێخ عەلی عەبدولڕازق** هێندە توند لە دەربڕیندا تانەی لە ئیسلام دابێت".

مەبەستی قسەکەی **سەعد زەغلول** ئەوەیە لە نێوان **ئیخوان موسلیمین** و **پارتی وەفد**دا سەبارەت بە پرسی پێویستیی **خەلافەت**، هیچ جیاوازییەک نییە. هەر بۆیە هاوپەیمانێتیکردنی **وەفدی نوێ** بە سەرۆکایەتیی **فوئاد سیراجەدین** لەگەڵ **ئیخوان موسلیمین**، تەواو ڕەوا بوو.

مادەی دووی دەستووریش، کە تیایدا بە دەق هاتووە **بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام** سەرچاوەی سەرەکیی یاسادانانە، گوزارشتی لە پێویستیی **خەلافەت** و پێویستیی مافی خواوەندیی فەرمانڕەوا دەکرد.

لەدوای ئەوە پرسیارەکە ئەمەیە:

جیاوازیی چییە لە نێوان **جۆن لوک** و **شێخ عەلی عەبدولڕازق**، ئەگەرچی ئەوان هەردووکیان پێکەوە دژ بە مافی خواوەندیی فەرمانڕەوان؟

**جۆن لوک** لەبەر ڕۆشنایی بیردۆزی گرێبەستی کۆمەڵایەتیی پێکهێنەری دووەمی چوارینەکەی دیموکراسی کە لەپاش پێکهێنەری دووەم کە **عەلمانییەت**ـە بە پلەی دووەم دێت، بوو بە تیۆریسێنی سەرەکیی **عەلمانییەت** لە **ئەوروپا**.

بەڵام **شێخ عەلی عەبدولڕازق** بوو بە ترساوی سەرەکی ناوهێنانی کتێبەکەی، بە ڕادەیەک کە هەڕەشەی کرد

هەر کەسێک بوێریی بکات کتێبەکەی چاپ و بڵاو بکاتەوە، داوای یاسایی لە دژی بەرز دەکاتەوە، بەو جۆرە میدیا و ڕاگەیاندن و دامەزراوە حکومییەکان و سەندیکا پیشەییەکان چوونە خزمەتی جووڵانەوەی **ئیخوان موسلیمین**ـەوە کە داوای دامەزراندنی کۆمەڵ و دەوڵەت و نیشتمانی لەسەر بناغەیەکی ئایینی و قەدەغەکردنی ئەو هزرەی دەکرد کە داوای پێچەوانەی ئەو دامەزراندنەی دەکرد کە عەلمانییەت و بیردۆزی **گرێبەستی کۆمەڵایەتی**ی هاودەمێتی بەو جۆرەی لای **جۆن لوک** یاخود **عەلی عەبدولڕازق** هاتووە.

**ڕۆشنگەرییمان زیندەبەچاڵ کرد**

ئەگەر ڕۆشنگەریی واتا تەنها ئەقڵ خۆی سەرداری خۆیەتی، مانای وایە زیندەبەچاڵکردنی ڕۆشنگەریی زیندەبەچاڵکردنی ئەقڵە.

کەواتە پرسیارەکە ئەمەیە:

مەبەست لە زیندەبەچاڵکردنی ئەقڵ چییە؟

لە ڕووی زمانییەوە زیندەبەچاڵکردن واتە ناشتن بە زیندوویی، ناشتنیش بە زیندوویی واتە خنکاندن، خنکاندنیش گووشینی قوڕگە تا گیانی قوڕگ گووشراوەکە دەردەچێت، ئەگەر ئەوە قوڕگە پیتەکانی ئەلفبێی لێ دێنە دەرەوە لە کاتی قسەکردندا و، ئەگەر وشەی **منطق** واتە لۆژیک لە وشەی **نطق** واتە گۆکردن یاخود دەربڕینەوە داڕێژراوە، کەواتە خنکاندن پووچەڵکردنەوەی لۆژیکە، مانای وایە وێکچوونێک لە نێوان خنکاندن و پووچەڵکردنەوەی لۆژیکدا هەیە.

بەم پێیە پرسیارەکە ئەمەیە:

چ شتێک بخنکێنین تا پووچەڵکردنەوەی ئەقڵ ڕوو بدات؟

بەڵگە دەخنکێنین، واتە ئەو کردە هزرییە دەخنکێنین کە بۆ سەلماندنی ڕاستی یاخود ناڕاستیی بیرۆکەیەک

ئەنجامی دەدەین، **ئیبن سەڵاح شارەزووری** کە لە سەدەی حەوتی کۆچیدا بە یەکێک لە گەورەترین زانایانی فەرموودە لە قەڵەم دەدرا، ئەو کەسەیە بەڵگەی خنکاندووە کاتێک فەتوای داوە گوتویەتی: "لۆژیک دەستپێکی فەلسەفەیە، دەستپێکی خراپەش خراپەیە، ئەو بابەتی بەڵگەیەی کەسی لۆژیکباوەڕ سەبارەت بە لۆژیک بانگەشەی دەکات، خوا وای لەو مرۆڤانە کردووە کە لە مێشک یاخود بیرکردنەوەدا کێشەیان نییە، پێویستیان پێی نەبێت. هەر کەسێکیش بانگەشە بکات لەبەر کەڵکێک کە لە لۆژیک و فەلسەفەدا هەیە، بە لۆژیک و فەلسەفە لەگەڵ خۆیدا ڕەفتار دەکات، چاک بزانێت شەیتان لە خشتەی بردووە".

لەدوای ئەوە پرسیارەکە ئەمەیە:

ئەگەر بەکارهێنانی بەڵگە خوانەناسی بێت، ئەی چی بەکاربهێنین؟

ئەو وشانە بەکاردەهێنین کە ئاتاجمان ناخاتە بەڵگە و بەم جۆرەی لای خوارەوەیە:

پیلانگێڕی و ناپاکی و بەکرێگیراوی. واتای ئەو سێ وشەیەش ئەوەیە ئەگەر تۆ لەگەڵ کەسێکدا چوویتە مەیدانی مشتومڕەوە لەپێناو قایلکردنی بەرامبەرەکەت و نەتتوانی قایلی بکەیت، ئەو کات لەگەڵ یەک لەم دوو شتەدا دەستەوئێخەیت: یان دەبێت جاڕی بێتوانایی خۆت بدەیت و دواتر هۆشیاریی ئەوە پەیدا بکەیت پێویستە ئەو بێتوانایییە چارەسەر بکەیت، یان دەبێت پێت وا بێت تۆ

دەستداری ڕاستیی ڕەهایت و بەرامبەرەکەت لایەنی کەم پیلانگێڕ یاخود ناپاک یاخود بەکرێگیراوە یان لایەنی زۆر خوانەناس و بێباوەڕە.

بەرمەبنای ئەوە ڕۆشنگەریی زیندەبەچاڵ کرا، نموونەش بۆ ئەوە باسی بارودۆخی کولتووریی **میسر** دەکەین لە هەردوو سەدەی نۆزدە و بیستدا. لە سەدەی نۆزدەدا **محەمەد عەلی** شاندێکی زانستیی بە سەرۆکایەتیی **ڕیفاعە تەهتاوی** ڕەوانەی **فەڕەنسا** کرد، بەمەبەستی گواستنەوەی کولتووری خۆرئاوا لە ڕێی وەرگێڕانەوە. لەپاش کۆتاییهاتنی سەردەمی شاندەکە، **ڕیفاعە** کتێبێکی بە ناونیشانی **تخليص الإبريز في تلخيص باريز** لە ساڵی١٨٣٤ بڵاو کردەوە، تیایدا هاتووە: "دانایان و فەیلەسووفانی **پاریس** سەبارەت بە زانستە فەلسەفییەکان هەندێک شتی گومڕاکەری بە لاڕێدا بەری پێچەوانەی هەموو کتێبە ئایینییەکانیان هەن. بەم پێیە هەر کەسێک دەیەوێ لە زمانی **فەڕەنسی**ی تێکەڵ بە هەندێک فەلسەفە قووڵ ببێتەوە، پێویستە توانای بەسەر **قورئان** و سوننەتدا بشکێت، ئەگەرنا گومڕا دەبێت". **ڕیفاعە** کاتێک وا دەڵێت لە ماوەی مانەوەیدا لە **فەڕەنسا** دوانزە کتێب یاخود نامیلکەی وەرگێڕایە سەر زمانی **عەرەبی** و **ڕۆحی یاساکانی مۆنتیسکیۆ** و **گرێبەستی کۆمەڵایەتیی مرۆیی ژۆن ژاک ڕۆسۆ** و **ئینسایکلۆپیدیای فۆڵتێر**ی خوێندەوە، هەموو ئەوانەش مانای وایە **ڕیفاعە** کاتێک

کولتووری ڕۆشنگەریی دەگواستەوە لە **فەڕەنسا** لە سەدەی هەژدەدا، لە هەمان کاتدا داوای چاونەکردن لەو کولتوورەی دەکرد. هەر بۆیە **ئەلبێرت حۆرانی** لە کتێبی **هزری عەرەبی لە سەردەمی لیبراڵیزمدا** بە هەڵەدا چووە کاتێک گوتویەتی **هزری ڕۆشنگەریی ئەوروپی** کاریگەریی لەسەر **ڕیفاعە** بەجێ هێشتووە و بە هۆی **ڕیفاعە**شەوە کاریگەریی لەسەر ئەقڵی **میسری** کردووە. وێڕای ئەوەی دەستنووسی کتێبی **تخليص الإبريز** چەندین پەرەگرافی تێدا هەبوون خودی **ڕیفاعە** خۆی لایبردوون.. یەکێک لەو پەرەگرافانە پەرەگرافێکە باسی ئەوە دەکات زانایانی **ئەوروپی** خوولانەوەی زەوی بە دەوری خۆریان سەلماندووە، ئەو باسەش لەنێو وتاری شەشەمی کۆتایی پێناسەی جوگرافیای گەردووناسییدا هاتووە.

لەدوای ئەوە پرسیارەکە بەم جۆرەیە:

یانی چی **ڕیفاعە تەهتاوی** هۆشداریی دەدات لە مەترسیی خوێندنەوەی بۆچوونەکانی ڕۆشنگەریی و بیردۆزی خوولانەوەی زەویشی لە کتێبەکەیدا سڕییەوە؟ یانی چاکتر وایە کاریگەریی ئەقڵ لە فەلسەفە و زانستدا پووچەڵ بکرێتەوە. **زەکی نەجیب مەحموود** لە کتێبی **نوێکردنەوەی هزری عەرەبی**دا هێما بۆ ئەو واتایە دەکات، دەڵێت: "ئاسمان فەرمانی داوە و پێویستە زەوی گوێڕایەڵی فەرمانەکەی بێت، ئەفرێنەر نەخشەی کێشاوە و پێویستە ئەفرێنراو قایل بێت، ئەگەر پەسڵان و ئەم

دونیا دژبەر بن، پەسڵان شایستەترە بە هەڵبژاردن. پەیوەندیی نێوان هەردوو لایەنەکە، پەیوەندیی ستاندن و دان نییە، بەڵکو پەیوەندیی فەرمانڕەوا و فەرمانبەردارە، فەرمانڕەواش دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە. ئەوە ڕاستییەکی تر کە ڕاستیی دووەمە، دەکاتە پێویست، بەپێی ڕاستیی دووەم یاسای شت و دیاردەکان لە سروشتدا، بەگوێرەی خواستی فەرمانڕەوای ڕەهای ئاسمانی دەردەکات یاخود دەرناکات. ئەگەر شێوە گەردوونییەکە بەو جۆرە بێت، دەبێت شێوەی ژیانی مرۆڤیش لە کۆمەڵەکەیدا بەو جۆرە بێت، چونکە فەرمانڕەوا بۆی هەیە فەرمان بکات و خەڵکیش پێویستە لەسەریان گوێڕایەڵی فەرمانەکەی بن".

من بەوە ئەو واتایە ڕوونتر دەکەمەوە دەڵێم؛ جووڵانەوەی **ئیخوان موسلیمین** داواکار و بانگەشەکار و تەنانەت دامەزرێنەریشێتی، بەگوێرەی هزری **ئیبن تەیمییە** (١٢٦٣-١٣٣٠) کە بیستنی لە ئەقڵ پێ پەسەندترە و ئەو کەسە بە بێباوەڕ دەناسێنێت کە بۆ تێگەیشتن لە دەقی ئایینیی پەنا بۆ ئەقڵ دەبات.

ئەوە ئێمەین ڕۆشنگەریمان بەو دەردە برد، گاڵتەجاڕییەکەش ئەوەیە لە ساڵی١٩٩٢ لە **میسر** بە بۆنەی تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر ڕۆشنگەرییدا، ئاهەنگمان گێڕا، ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیەش بەوە دەبێت بڵێین لەو ساڵەدا بە بۆنەی تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر **زیندەبەچاڵکردنی ئەقڵ**دا ئاهەنگمان گێڕا.

## **لیبراڵیزممان ڕیشەکێش کرد**

لەو ڕووەوە **لیبراڵیزم** پێکهێنەری چوارەم و دوا پێکهێنەری **دیموکراسی**یە کە بنچینەکەی لە پێکهێنەری یەکەمدایە کە **عەلمانییەت**ـە، مەبەست لە ڕیشەکێشکردنی ڕیشەکێشکردنێتی لە **عەلمانییەت**، واتە ڕیشەکێشکردنی ئەو و **عەلمانییەت**یش لە یەک کاتدا. مەبەستی ئەو وتەیەش ئەوەیە **لیبراڵیزم** بەبێ **عەلمانییەت** شیانی نییە.

لێرەدا پرسیارێک پێچەوانەی ئەو وتەیە دێتە پێشەوە کە ئەمەیە:

ئایا دەشێت مرۆڤ **لیبراڵی** بێت بێ ئەوەی **عەلمانی** بێت؟

وەڵامی من بە نەخێرە، چونکە ئەگەر **عەلمانییەت** بیرکردنەوەیە بە ڕێژەیی نەک بە ڕەها، ئەو کات دوورخستنەوەی لە **لیبراڵیزم** واتە ئەوەی **لیبراڵیزم** بیرکردنەوەیە بە ڕەهایی، ئەو دەم ڕۆدەچێتە نێو فێندەمێنتاڵیزمەوە، ئەوەش دژبەرییەکی ناڕەوایە، واتە ناپەسەندە، واتە زیادکردنی شیانی نییە. بەڵام دژە بۆچوونێکی تر هەیە دەڵێت ئەو دژبەرییە ڕەوایە و بەم پێیە زیادکردنی شیانی هەیە، واتە دەتوانرێ لە ڕێی زاراوەیەکی نوێوە کە **دیموکراسیی نالیبراڵی**یە

تێبپەڕێنرێت، **دیموکراسیی لیبراڵی** ناونیشانی کتێبی بیرمەندێکی ئەمەریکیی بە نەژاد هندییە ناوی **فەرید زەکەرییایە**، سەرنووسەری گۆڤاری **نیوزویک**ـە. بۆ سەلماندنی ڕاستیی زاراوەکەشی، پشت بە بەڵگەنەویستی **زاڵێتیی زۆرینە** دەبەستێت، مەبەستی ئەوەیە **حکومەتی دیموکراتی** لە دەسەڵاتی **ڕەهای** زۆرینەدایە. نموونەش بۆ ئەوەی دەیڵێت بەو ڕووداوە دەهێنێتەوە کە لە ساڵی١٩٤٧ ڕووی دا کاتێک سەربەخۆ بوو. **جەواهێر لال نەهرۆ** لە ساڵی١٩٤٧ تا ساڵی١٩٦٤ سەرۆکوەزیران بوو، بە ناوی **پارتی کۆنگرە**وە فەرمانڕەوایی دەکرد کە باڵی بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی هنددا کێشا بوو و، **نەهرۆ**ش کەسێکی **عەلمانی** و لە ڕووی ئایینییەوە لێبووردە بوو، ئەو کات باسی ئەوە دەکرا **هند** بە یەک پارتی تاک و تەنهاوە دیموکراسی پەیڕەو دەکات.

کەواتە پرسیارەکە ئەمە:

لەپاش ئەوە چی ڕووی دا؟

پارتێکی فێندەمێنتاڵی هندۆسی دامەزرا، ناوی **براتیا جاناتا** بوو، گەلی بەرەو چوونە نێو سیستەمی سیاسی پاڵ پێوە نا، بەو هۆیەوە تەوژمی **عەلمانی** لاواز بوو و ئەو پارتە فێندەمێنتاڵە توانی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوو بێت، لەو ڕۆژەوە **هند** گیرۆدەی تیرۆری ئایینییە.

ئەوەی لە **هند** ڕووی دا، لە **میسر**یش ڕووی دا، چۆن؟

دەگوترا **میسر**- بەر لە شۆڕشی١٩٥٢- دەوڵەتێکی دیموکراتی بوو، چونکە پارتەکان فرە بوون و کێبەرکێ لەسەر دەسەڵات لە چوارچێوەی هەڵبژاردنەکاندا پەیڕەو دەکرا و، ئەوە زۆرینەی براوە بوو دەسەڵاتی دەگرتە دەست و فەرمانڕەوایی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا **لیبراڵی** نەبوو، **لیبراڵی** نەبوونیشی بۆ ئەم دوو هۆکارە دەگەڕایەوە: هۆکاری یەکەم ئەوەیە وشەی **عەلمانییەت** تاوانبارکراو و کوفرێنراو بوو، هۆکاری دووەم ئەوەیە دەسەڵاتی تاکەکەس قەدەغە بوو، چونکە **پارتی وەفد،** کە پارتی زۆرینە بوو، پشتگیریی لە قەدەغەکردنی کتێبی **ئیسلام و بنەماکانی فەرمانڕەوایی**ی **شێخ عەلی عەبدولڕازق** کرد، لەبەر ئەوەی لە دژی **خەلافەت** و دژ بە مافی خواوەندانەی فەرمانڕەوا بوو و هاوڕای بیردۆزی **گرێبەستی کۆمەڵایەتی**ی فەیلەسووفی ئینگلیز **جۆن لوک** (١٦٣٢- ١٧٠٤) بوو کە دەڵێت کۆمەڵ دروستکراوی مرۆڤەکانە نەک دروستکراوی خودا. هەروەها **پارتی وەفد** پشتیوانی لە قەدەغەکردنی کتێبی **سەبارەت بە شیعری جاهیلی**ی **تەها حوسێن** کرد، لەبەر ئەوەی میتۆدی خۆی بۆ ڕەخنەکردنی کەلەپوور، لە فەیلەسووفی فەڕەنسی **ڕینێ دیکارت**ـەوە وەردەگرێت.

لە ساڵی١٩٢٨ تەوژمی فێندەمێنتاڵ لەژێر سەردێڕی **ئیخوان موسلیمین**دا دامەزرا، ئەو تەوژمە قایل نییە دەسەڵاتی تاک لە سەروو دەسەڵاتی کۆمەڵەوە بێت،

چونکە پشت بە بنەمای گوێڕایەڵیی لای **ئیبن تەیمییە** دەبەستێت.
بەرمەبنای هەموو ئەوانە، دەتوانرێ بگوترێ **لیبراڵیزم** بەر لە شۆڕشی١٩٥٢ ڕیشەکێش کرا، لەدوای ئەوە پرسیارەکە ئەمەیە: لەپاش شۆڕش، **لیبراڵیزم** چی بەسەر هات؟ نەبوونی بەردەوام بوو، بەڵام بە هۆکارێک کە بۆ فێندەمێنتاڵیزم دەگەڕێنرێتەوە و ئەویش گەڕانەوەی فیرعەونگەراییە. ئەوە بوو جارێکیان سەرۆک **جەمال عەبدولناسر** گوتی ڕۆمانی **گەڕانەوەی ڕۆح**ی **تۆفیق ئەلحەکیم** کاری تێ کردووم، منیش سەرلەنوێ خوێندمەوە، پاش خوێندنەوەشی مەبەستی ئەو کارتێکرانەم دۆزییەوە، لەپاش خوێندنەوەی ئەم دەربڕینەم تیایدا بینی: "ئێمە چاوەڕانی هاتنی **خۆفۆ**یەکی نوێ دەکەین"، پێموایە ئەو **خۆفۆ**یە، لەپاش چاوەڕوانییەکی زۆر، دواجار هات.
لەدواییدا سەرۆک **ئەنوەر سادات** هات و قسەیەکی خودان واتایەکی مێژوویی کرد، گوتی: "من فیرعەونی میسرم و، دیموکراسی کەڵبەی هەن".
دواجار سەرۆک **موبارەک** هات و بەرەو ڕووی دژبەرییەکی توندی نێوان فیرعەونیزمی هەریەک لە **عەبدولناسر** و **سادات** بووەوە کە لە دەستگیرکردنی سەدان سەرکردایەتیی هزری و سیاسی و ئایینیی و کارکەنارکردنی ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی زانکۆ و خواستی بۆ بەکارهێنانی ئەقڵ و ئەو ڕۆحە

عەلمانییەی تێیدایەتی خۆی دەبینێتەوە. ئەو دژبەرییەشی بە ئازادکردنی دەستگیراکراوەکان و گەڕاندنەوەی مامۆستایانی زانکۆکان بۆ زانکۆکانیان کۆتایی پێ هێنا. لەگەڵ ئەوەشدا بەرەو ڕووی دژبەرییەکی زۆر توندتری نێوان لەلایەک تەوژمێکی فێندەمێنتاڵ کە باڵی بەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەتدا کێشاوە و دەیەوێ **ئەقڵ** لە ڕەگەوە ڕیشەکێش بکات و لەلایەکی تر هەندێک ئەقڵی سەرگەردان لە پابەندبوونیدا بە بەکارهێنانی ئەقڵ بووەوە. **موبارەک** پێی وا بوو کۆتاییهێنان بەو دژبەرییە بە دەستکارییکردنی مادەی٧٦ی دەستوور دەبێت، کە تیایدا هاتووە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار بە ڕێگای ڕاپرسی دەکرێت نەک بە ڕێگای هەڵبژاردن. جیاوازیی نێوان ڕاپرسی و هەڵبژاردنیش ئەوەیە ڕاپرسی پێویستی بە یەک بەربژێرە، بەڵام هەڵبژاردن پێویستی بە زیاتر لە بەربژێرێکە، یەکیش لێرەدا هێمایە بۆ ڕەها، چونکە ڕەها ئەو یەکەیە کە لەبارەیەوە دەگوترێت تاکە. هەر بۆیە کاتێک ئێمە سەبارەت بە یەکێک ڕاپرسی دەکەین، ئەو یەکە کاتێک کە دێتە دەسەڵات وەک ڕەهایەک دێت، بەڵام زۆرینەی ڕۆشنبیران بە پاچی داپاچین کەوتنە داپاچینی دەستکارییکردنی مادەی٧٦. بەو جۆرەش سەرلەنوێ **لیبراڵیزم** ڕیشەکێش کرا، جاری یەکەم بەر لە شۆڕشی١٩٥٢، جاری دووەم لەدوای شۆڕشی ١٩٥٢.

کەواتە پرسیارەکە ئەمەیە:

ئایا ڕیشەکێشکردن بۆ دووەمجار، واتای ئالوودەبوون بە ڕیشەکێشکردن دەگەیەنێت؟

## بەشی سێیەم
## شارستانییەک لە نێوان دوو چوارینەدا

### شارستانییەک لە نێوان دوو چوارینەی دژبەردا

کاتێک ئەو ناونیشانەی سەرەوە دەنووسم، پێشتر دەزانم **ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان** ساڵی ٢٠٠١ی بە ساڵی **نەتەوە یەکگرتووەکان** بۆ گفتوگۆ لە نێوان شارستانییەکاندا ناودێر کرد. هەروەها دەزانم **کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی** لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی٢٠٠١ کۆنگرەیەکی لەژێر ناونیشانی **گفتوگۆی شارستانییەکان، بەردەوامیی، ململانێ**دا گرێ دا. هەروەها دەزانم چەندین کۆڕبەند و کۆنگرەی نێودەوڵەتی لەپێناو چەسپاندنی کۆڵەکەکانی گفتوگۆی شارستانییەکان بەست. بەڵام هەروەها دەزانم بڕیارەکەی **نەتەوە یەکگرتووەکان** بۆ ئەو مشتومڕە توندە جیهانییە دەگەڕێتەوە کە کتێبی **بەریەککەوتنی شارستانییەکان و سەرلەنوێ بونیادنانی سیستەمێکی جیهانی**ی **ساموێل هنتنگتۆن** دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا **هنتنگتۆن** بە لای بڕوابوون بە یەک شارستانییدا دەیشکێنێتەوە کە **شارستانیی خۆرئاوایە،** لەبەر ئەوەی دروستکەری نوێگەرییە. نوێگەرییش، بە واتا نەرێنییەکەی، واتە دەوڵەت ئایینێکی دیاریکراوی

نییە، بەم پێیە بوار بە فرەیی و پێشکەوتن دەدات. هەروەها نوێگەریی، بە واتا ئەرێنییەکەی، واتە شارستانیبوون و پیشەسازیی و دەسەڵاتی یاسا و تاکگەرایی و نوێنەرایەتیی پەرلەمانی. لەو گۆشەنیگایەوە، نوێگەریی بەو واتایە نایەت ڕێچکەیەکی خۆرئاواییە، بەڵکو یانی ڕێچکەیەکی شارستانییە.

لەسەر ئەو بناغەیە دەتوانرێت بگوترێت چوارینەکەی دیموکراسی **عەلمانییەت** و **بیردۆزی گرێبەستی کۆمەڵایەتی** و **ڕۆشنگەریی** و **لیبرالیزم**، لە خۆرئاوا ڕووی داوە، لە **میسر** ڕووی نەداوە.

کەواتە پرسیارەکە ئەمەیە: بۆچی ئەو چوارینەیە لەوێ ڕووی داوە و لێرە ڕووی نەداوە؟

لەبەر دەرکەوتنی هەندێک زانا و فەیلەسووف لەوێ ڕووی داوە، دەرکیان بە پێوەری پێشکەوتنی شارستانی کردووە کە لە پووچەڵکردنەوەی بەکارهێنانی ئەقڵەوە بە هۆی زاڵێتیی ئەفسانەوە بەرەو بەکارهێنانی ئەقڵ بە هۆی نائامادەیی ئەفسانەوە هەنگاوی ناوە. **کۆپەرنیکۆس** و **گالیلیۆ** و **برۆنۆ** و **لۆتەر** و **لوک** و **کانت** و **جۆن ستیوارت میل**، لە ماوەی سەدەی شانزە تا سەدەی نۆزدە، بەو ئاراستەیەدا ڕۆیشتوون. یەکێک لە داهێنەکانیشیان هەڵهاتنی خۆری چوارینەکەی دیموکراسییە.

لای ئێمە ڕووی نەداوە لەبەر دەرکەوتنی دووان لە ناودارانی خەباتکردن لە دژی بەکارهێنانی ئەقڵ،

ئەوانیش **ئیبن تەیمییە** و **سەید قوتب**ن، ئەگەرچی مەودایەکی زۆری کاتی ئەو دووانە لە یەکدی جیا دەکاتەوە، بەڵام من هەردووکیان پێکەوە کۆ دەکەمەوە، یەکەمیان سەر بە سەدەی سیانزەیە و دووەمیان سەر بە سەدەی بیستە. چونکە ئەو دووانە بناغە هزرییەکەی جووڵانەوەی **ئیخوان موسلیمین**ن.

**ئیبن تەیمییە** لە کتێبی **درء التعارض بین العقل والنقل**[1]دا دەڵێت: "ئەو شتەی لە ڕێی بیستنەوە سەلماوە، سەلماوە، هیچ جیاوازییەکی نییە لە ڕێی ئەقڵ یاخود بێجگە لە ئەقڵەوە بزانین سەلماوە، یان نە لە ڕێی ئەقڵ و نە لە ڕێی بێجگە لە ئەقڵەوە بزانین سەلماوە. ئەگەر بناغەی شەرع بیستن بێت، دەبێت بەرتریی بە شەرع بدرێت کاتێک لەگەڵ ئەقڵدا دژواز دێتەوە، هەروەها لە کاتی ناکۆکبوون لەگەڵ کۆڕایی گەلیشدا دەبێت بەرتریی پێ بدرێت، چونکە کۆڕایی پێویستی بە گوێڕایەڵبوونی ئەقڵ بۆ بیستن هەیە. ئەو گوێڕایەڵییەش پێویستی بە دەستهەڵگرتنی ئەقڵە لە بەکارهێنانی خوازە لە لێکدانەوەی دەقی ئایینییدا، لەبەر ئەوەی ئەو دەقە خوازە پەسەند ناکات. هەر بۆیە ئەو کەسەی سەرپێچی لە کۆڕایی دەکات، بەبێ چەند و چوون بە هەڵگەڕاوە دادەنرێت".

[1] - "خۆپاراستن لە دژبەریی نێوان ئەقڵ و نەقڵ".

سەبارەت بە **سەید قوتب**ی تیۆریسێنی جووڵانەوەی **ئیخوان موسلیمین**یش، ناوبراو لە کتێبی **داهاتوو بۆ ئەم ئایینەیە**دا گوتویەتی: "کولتووری میسری کولتوورێکی ئیسلامییە، بەم پێیە پێویستە لە کولتووری خۆرئاوا ڕیشەکێش بکرێت، لەبەر ئەوەی کولتووری خۆرئاوا تووشی دەردی **دووفاقیی کەساسی** هاتووە. دووفاقیی کەساسییش واتە دابڕان یاخود جیابوونەوە لە قەوماوێکی کەم کەڵک. مەبەستی لەو قەوماوەش قەوماوی "**ڕێنیسانس** و **چاخی ڕۆشنگەریی** و **شۆڕشی پیشەسازی**یە لە **ئەوروپا**". جێگرەوەی ئەو کولتوورەش **فەرمانڕەوایی خودایە**، **سەید قوتب** لەو بارەیەوە لە کتێبی **مەشخەڵی ڕێ**دا دەڵێت: "جیهانی ئاسمانیی خودا بەوە بەرکەماڵ نابێت هەندێک مرۆڤ بە ناوی خوداکانەوە لەسەر زەوی دەسەڵات بگرنە دەست وەک ئەو دۆخەی لەو سەردەمە بەرقەرار بوو کە بە **تیۆکراسی** یاخود فەرمانڕەواییی پیرۆزی خودا ناودێر دەکرێت، بەڵکو بەوە بەرکەماڵ دەبێت شەریعەتی خودا فەرمانڕەوا بێت. کاتێک بەو شێوەیەش دەبێت، ئەو کات ئەو شێوەیە تاکە شێوەیە تیایدا مرۆڤەکان ئازادبوونێکی تەواوەتی لە کۆیلایەتیی مرۆڤەکان ئازاد دەبن و هەر ئەوەشە شارستانیی مرۆڤایەتی. مانای وایە واتای فەرمانڕەوایی تەنها لە چوارچێوەی وەرگرتنی شەریعەتە یاساییەکاندا لە خوداوە قەتیس نابێت.

شەریعەت واتە هەر شتێک خودا بەمەبەستی ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤایەتی وەک شەرع دایڕشتووە، ئەوەش لە بنەماکانی فەرمانڕەوایی و بنەماکانی ئاکار و بنەماکانی ڕەفتار و هەروەها بنەماکانی زانیندا خۆی دەنوێنێت".

## پاش چوارینەکەی دیموکراسی

ئەگەر **چوارینەکەی دیموکراسی** سەردەمێکی هەبێت سەرەتاکەی بۆ **عەلمانییەت** لە سەدەی شانزە و **لیبرالیزم** لە سەدەی نۆزدەدا بگەڕێتەوە، کەواتە پرسیارەکە ئەمەیە: لە سەدەی بیستدا چی ڕووی دا؟

سەبارەت بە سەدەی بیست، گوتراوە سەردەمی شۆڕشی زانستی و تەکنەلۆژییە، بەم پێیە پرسیارەکە ئەمەیە:

مەبەست لەو شۆڕشە چییە؟

مەبەست ڕوودانی گۆڕانێکی ڕیشەییە لە ڕوانینی ئەقڵدا بۆ گەردوون. پێشتر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەو ڕوانینە تەڵخ و تاریکە ڕوانینێکی ئایینیی بوو، بەڵام لە سەدەی بیستدا لای هەریەک لە **کۆپەرنیکۆس** و **گالیلیۆ** و **نیوتن** بە ئاراستەی ڕوانینێکی زانستییدا وەرچەرخا. **کۆپەرنیکۆس** جاڕیدا خۆر چەقی گەردوونە و زەوی بە دەوریدا دەخولێتەوە، **گالیلیۆ**ش لەگەڵ دیاریکردنی یاساکانی خێرایی بەربوونەوەی تەنەکاندا ئەو جاڕدانەی بڵاو کردەوە، پاشان **نیوتن** ڕوونیکردەوە ئەو هێزانەی کار لە بەربوونەوەی تەنەکان دەکەن، هەمان ئەو هێزانەن کار لە جووڵەی خولگەکان دەکەن. هەموو ئەو

دیاردە گەردوونییانەش لەنێو بڕێک هاوکێشەی ماتماتیکیی دەستکردی ئەو سێ ئەقڵەدا داڕێژران، دەسەڵاتی ئایینیی لە **ڕۆما**، لەو داڕشتنە زانستییەی گەردوون پەست بوو، بەو هۆیەشەوە کتێبەکەی **کۆپەرنیکۆس**ی قەدەغە کرد و دادگایی **گالیلیۆ**ی کرد، **ڕینێ دیکارت**ی **فەیلەسووفی فەڕەنسی**یش کە نازناوی **باوکی فەلسەفەی نوێ**ی لێ نرا بوو، دوور نەبوو ڕووبەڕووی چەوساندنەوە ببێتەوە، لەبەر ئەوەی خەریکی نووسینی کتێبێک بوو بە ناونیشانی **سەبارەت بە جیهان** بەو شێوەیەی هەریەک لەو دوو زانایەی تر کردیان، ئەگەر بهاتایە و کتێبەکەی بڵاو بکردایەتەوە. لەدوای مردنیشی بە بیست و حەوت ساڵ، چەند بەشێک لەو کتێبەی لابران و قەدەغە کران.

لە سەدەی بیستدا، ئەقڵێکی تر هات ئەویش ئەقڵی **ئالبێرت ئاینشتاین** بوو، چەندین گۆڕانی بنەڕەتی لە داڕشتنەکانی ڕوانینە گەردوونییەکانی ئەو سێ ئەقڵەدا کرد و لە ساڵی١٩٠٥ چوار لێکۆڵینەوەی بڵاو کردەوە ئامانج لە بڵاوکردنەوەیان گەڕان بوو بە شوێن **بواری یەکخەر**ی ئەو هێزانەی گەردوون هەڵدەسوڕێنن و ژمارەیان چوار هێزە و ئەمانەن: **ڕاکێشان** یاخود **کێشکردن** و **کارۆموگناتیسی** و **کارلێکی ئەتۆمیی لاواز و کارلێکی ئەتۆمیی بەهێز**.

کەواتە پرسیارەکە ئەمەیە:

مەبەست لە **بواری یەکخەر** چییە؟

مەبەست ئەوەیە زانینی زانستی، وێڕای فرەیی بوارەکانی، بە ئاراستەی یەکبووندا دەڕوات. لێرەوە من زاراوەی **یەکێتیی زانین**م هاتەوە بیر کە **دیدرۆی فەیلەسووفی فەڕەنسی** لە ساڵی١٧٥٥ دایناوە، بەڵام مەبەستی **دیدرۆ** لەو زاراوەیە **ئینسایکلۆپێدیا** بوو، واتە کۆی ژمارەیەک زانین، بەڵام ئەو یەکێتیی زانینەی ویستی دایبمەزرێنێت، لەو شتەدا کورتی کردەوە کە بە **سێیانەی زانست** ناوزەدی کرد، ئەو سێیانەیەش لە **فیزیا** و **سیاسەت** و **فەلسەفە** پێک هاتووە. **زانستە سروشتییەکان** دەگەڕێنرێتەوە بۆ **فیزیا**، **زانستە کۆمەڵایەتی** و **مرۆییەکان**یش دەگەڕێنرێتەوە بۆ **سیاسەت**، **فەلسەفە**ش ئەو دوو زانستە لە ڕوانینێکی گەردوونیی زانستییدا یەک دەخات. لەم چوارچێوەیەدا، لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی١٩٨٠ لە قاهیرە، **کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی**م لەژێر سەردێڕی **یەکێتیی زانین** گرێ دا، ژمارەیەک لە فەیلەسووف و زانام بۆ بەشدارییکردن تیایدا بانگهێشت کرد، یەکێک لەو فەیلەسوفانەی بانگهێشت کرا **سێر ئالفرێد ئایری** گەورە **فەیلەسووفی بەریتانی** بوو. ناوبراو لە پێشگوتەی دەستپێکی کۆنگرەکەدا گوتی: "پەنجا ساڵ لەمەوبەر لە بازنەی ڤییەن سەبارەت بە یەکێتیی زانست گفتوگۆمان دەکرد، بەڵام تۆ لەوە دوورتر ڕۆیشتیت، چونکە دەتەوێ سەبارەت بە یەکێتیی زانست و فەلسەفە و ئایین گفتوگۆ بکەین". لەپاش ئەو کۆنگرەیە **زانکۆی**

**تۆرینتۆ** لە **کەنەدا** پشتگیریی لە پڕۆژەکەم سەبارەت بە **یەکێتیی زانین** کرد، بە تێپەڕبوونی کات ئەو زانکۆیە وەک پڕۆژەیەکی ئێجگار باڵاڕوان لە پڕۆژەکەی منی ڕوانی و گۆڕی بۆ **تەواوکاریی زانین**، وێڕای ئەوە، زاراوەی **یەکێتیی زانین** لە خۆرئاوا تەشەنەی سەند، چونکە لە ساڵی١٩٩١ کتێبێک لەلایەن **نێلز بوهەری فیزیاناسی ئەتۆم** بە ناونیشانی **فیزیا و فەلسەفە و سیاسەت** بڵاو کرایەوە، ئەو ناونیشانەش هاوشێوەی ناونیشانەکەی منە کە پێشتر ئاماژەم پێدا. لە ساڵی ١٩٩٨ کتێبێک لە نووسینی **ئێدوارد ویڵسۆن** بڵاو کرایەوە کە یەکێکە لە مەزنترین بیرمەندانی سەدەی بیست، کتێبەکەی ناوی **یەکێتیی زانین**ـە، لە ساڵی ٢٠٠٥یش لە **برۆکسل** لە **بەلجیکا** کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لەژێر سەردێڕی **ئایا یەکێتییەکی زانین بوونی هەیە؟** بەسترا.

لەگەڵ دەستپێکی ساڵانی نەوەدی سەدەی پێشوودا، **پیتەر درکەر**ی ڕاگری مامۆستایانی کارگێڕیی لە **ئەمەریکا**، زاراوەی **کۆمەڵی زانین**ی داڕشت، مەبەستی لەو زاراوەیە **کۆمەڵی پاش پیشەسازی**یە، واتە زانین دەتوانێت کۆمەڵێکی نوێ دروست بکات، ئەو کۆمەڵە نوێیەش کۆمەڵێکە لە دیاردەیەکی نوێوە پەیدا بووە کە دیاردەی گەردوونگەراییە، گەردوونگەراییش زاراوەیەکی نوێیە بە واتای زەوی و ئەوەی بەسەریدا هاتووە دێت.

کەواتە پرسیارەکە ئەمەیە:
هەسارەی زەوی چی بەسەر هاتووە تا کۆمەڵی زانینی لێ پەیدا ببێت؟
ئەم سێ دیاردەیە تیایدا ڕووی داوە: **پۆستی ئەلیکترۆنی، ئینتەرنێت** و **بازرگانیی ئەلیکترۆنی**. بە هۆی ئەو دیاردانەشەوە مەودا یاخود ماوە لە ڕووی کات و شوێنەوە لەناو چوو، لەگەڵ لەناوچوونی مەوداشدا، شێوازی ڕوانینمان بۆ گەردوون گۆڕانی بەسەردا هات، چونکە چی تر بە ڕوانینێکی چەقبەستوو نەمایەوە، واتە شیانی ئەوەی نەما تێیدا خەیاڵی دەستداریی ڕاستیی ڕەها بکرێت، بەو هۆیەشەوە ڕاستی شاردرایەوە و زانین دەرکەوت و ئەوەمان ناو لێ نا **تەقینەوەی زانین** و **یەکێتیی زانین** و **کۆمەڵی زانین**، هەموو ئەوانەش بەروبوومی **چوارینەکەی دیموکراسی** بوون.
کەواتە **دیموکراسی** دۆخێکی زەینیی تایبەتە بە شێوازی ڕوانینمان بۆ گەردوون، هیچ دووریش نییە بگۆڕێت بۆ دۆخێکی سیاسی، بەڵام بە مەرجی ئەوەی بە دۆخێکی زەینییەوە بەند بێت.